# بڕیارەکانی
# سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان

# بۆ ساڵی ٢٠٠٢

دانانی
بەشی کۆمپیوتەری سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان
(هێڤی أومێد فوأد رشید)

# پـــــــاشكـۆ


| ژ | ژمارەی بڕیار | ڕۆژ | لاپەڕە | بابەت |
|---|---|---|---|---|
| .١ | بڕیاری ژمارە (١) | ٥/كانونی دووەم/٢٠٠٢ | ١ | ئیعفاكردنی بەندكراو (یاسین حسن امین) |
| .٢ | بڕیاری ژمارە (٢) | ٦/كانوونی دووەم/٢٠٠٢ | ١ | ترقية الضباط في ٦/كانون الثاني/٢٠٠٢ |
| .٣ | بڕیاری ژمارە (٣) | ٦/كانوونی دووەم/٢٠٠٢ | ١ | ترقية الضباط في ٦/كانون الثاني/٢٠٠٢ |
| .٤ | بڕیاری ژمارە (٤) | ٦ /كانوونی دووەم/٢٠٠٢ | ٢ | منح قادة البيشمركه الرتب في ٦/كانون الثاني/٢٠٠٢ |
| .٥ | بڕیاری ژمارە (٥) | ٦ /كانوونی دووەم/٢٠٠٢ | ٢ | ترقية الضباط في ٦/كانون الثاني/٢٠٠٢ |
| .٦ | بڕیاری ژمارە (٦) | ٨ /كانوونی دووەم/٢٠٠٢ | ٢ | بەدەر كردنی هەندێ موڵك لە بڕیاری (١١٦) كە لە ٧/تەمموز/٢٠٠١ |
| .٧ | بڕیاری ژمارە (٧) | ٩/كانوونی دووەم/٢٠٠٢ | ٣ | بەكرێدانی زەوی (٢٥٥/١٩٧ دەباشان) بۆ (مەكتەبی دارایی و ئیدارەی گشتی ی. ن.ك بە شێوەی مساطحة |
| .٨ | بڕیاری ژمارە (٨) | ٢١/كانوونی دووەم/٢٠٠٢ | ٣ | زیاد كردنی مووچەی بنەڕەتی (إسمی) مفەوەزەكانی لە هێزی ئاسایش ناوخۆ وە هەروەها پۆلیس تا رەئیس عورەفا |
| .٩ | بڕیاری ژمارە (٩) | ٢٨/كانوونی دووەم/٢٠٠٢ | ٥ | إلغاء قرار أستملاك القطعتين (٢٨٥/١٧، ٢٨٦ زەرگەتە) و إعادة بأسم مالكها السابق (د. جمال عبد الكريم فؤاد) |
| .١٠ | بڕیاری ژمارە (١٠) | ٢٨/كانوونی دووەم/٢٠٠٢ | ٥ | ئیعفاكردنی بەندكراو (نشوان گوريل متى) |
| .١١ | بڕیاری ژمارە (١١) | ٢٨/كانوونی دووەم/٢٠٠٢ | ٥ | گەڕانەوەو پێدانەوەی پلەی رائد بە (حەمە توفيق أحمد كريم) بۆ سەر میلاكی وەزارەتی ناوخۆ/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایش |
| .١٢ | بڕیاری ژمارە (١٢) | ٢٨/كانوونی دووەم/٢٠٠٢ | ٦ | هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری تەملیك كردنی خانووی ژمارە (٤/٤٣ كەرتی (٨) ئابلاخ) كە تۆمار كرابوو بە ناوی (عبد الحميد رضا عبد الله) |
| .١٣ | بڕیاری ژمارە (١٣) | ٢٩/كانوونی دووەم/٢٠٠٢ | ٦ | تعديل نظام ديوان الرقابة المالية رقم (٢١٢) لسنة ١٩٩٩ |
| .١٤ | بڕیاری ژمارە (١٤) | ٣٠/كانوونی دووەم/٢٠٠٢ | ٦ | ئیعفاكردنی (إسماعيل رشيد صابر) لە پۆستی بریكاری وەزارەتی كشتوكاڵ و ئاودێری وە (د. مجيد حمد أمين جميل) لە پۆستی بریكاری وەزارەتی تەندروستی |

# پاشكۆ


| ژ | ژمارەی بڕیار | ڕۆژ | لاپەڕە | بابەت |
|---|---|---|---|---|
| .١٥ | بڕیاری ژمارە (١٥) | ٣٠/كانوونی دووەم/٢٠٠٢ | ٧ | دامەزراندنی (صابر إسماعیل حمد) لە پۆستی بریكاری وەزارەتی كشتوكاڵو ئاودێری |
| .١٦ | بڕیاری ژمارە (١٦) | ٣٠/كانوونی دووەم/٢٠٠٢ | ٧ | دامەزراندنی (د. جنان قاسم علی) لە پۆستی بریكاری وەزارەتی تەندروستی وە (شنۆ لطیف شێخ محمود) لە پۆستی بریكاری وەزارەتی ئەشغالو ئاوەدان كردنەوە |
| .١٧ | بڕیاری ژمارە (١٧) | ٣٠/كانوونی دووەم/٢٠٠٢ | ٧ | تەعدیل كردنی بڕگەی (٣) لە مادده (١)ی یاسای ژمارە (٤) ساڵی ١٩٩٢ |
| .١٨ | بڕیاری ژمارە (١٨) | ٣٠/كانوونی دووەم/٢٠٠٢ | ٨ | دامەزراندنی بەڕێز (جمال میرزا عزیز) لە پۆستی بریكاری وەزارەتی پەروەردە |
| .١٩ | بڕیاری ژمارە (١٩) | ١٦/شوبات/٢٠٠٢ | ٨ | هەڵوەشاندنەوەی گۆڕانی ڕەگەزی گشت ئەو پارچە زەویانە كە دەكەونە ناو نەخشەی بنچینەی شارو شارۆچكەكان وە ڕەگەزیان گۆڕاوە بۆ (عرصە) |
| .٢٠ | بڕیاری ژمارە (٢٠) | ١٨/شوبات/٢٠٠٢ | ٩ | دامەزراندنی بەڕێز (عبد الله انور عبد الله) بە قائمقامی قەزای خانەقین |
| .٢١ | بڕیاری ژمارە (٢١) | ١٨/شوبات/٢٠٠٢ | ٩ | دامەزراندنی بەڕێز (طارق رشید علی) بە قائمقامی قەزای چەمچەماڵ |
| .٢٢ | بڕیاری ژمارە (٢٢) | ١٨/شوبات/٢٠٠٢ | ٩ | ئیعفاكردنی بەڕێز (عبد الرحمن معروف محمد) لە پۆستی وەزیری داد وە (رشدی عزیز صالح) لە پۆستی سەرۆكی دادگای تەمیزی هەرێمی كوردستان |
| .٢٣ | بڕیاری ژمارە (٢٣) | ١٨/شوبات/٢٠٠٢ | ٩ | دامەزراندنی بەڕێز (رشدی عزیز صالح) لە پۆستی وەزیری داد |
| .٢٤ | بڕیاری ژمارە (٢٤) | ١٨ /شوبات/٢٠٠٢ | ١٠ | دامەزراندنی بەڕێز (لطیف طە محمود) بە سەرۆكی دادگای تەمییزی هەرێمی كوردستان |
| .٢٥ | بڕیاری ژمارە (٢٥) | ١٨ /شوبات/٢٠٠٢ | ١٠ | دامەزراندنی بەڕێز (د. فؤاد مجید فرج) بە ئەندامی متفرغ لە ئەنجومەنی پلان دانان |
| .٢٦ | بڕیاری ژمارە (٢٦) | ١٨ /شوبات/٢٠٠٢ | ١٠ | بەخشینی هاووڵاتی (فارس عزیز محمود) لە بڕی (٤٧٠٠٠) دینار |

# پـــــــاشکۆ

| ژ | ژمارەی بڕیار | ڕۆژ | لاپەڕە | بابەت |
|---|---|---|---|---|
| ٢٧. | بڕیاری ژمارە (٢٧) | ١٨/شوبات/٢٠٠٢ | ١١ | هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری ژمارە (١١٥) لە ٩/تشرینی یەکەم/٢٠٠٠ دەربارەی ملازمی یەك پۆلیس (ئاری معروف حسین) |
| ٢٨. | بڕیاری ژمارە (٢٨) | ١٩/شوبات/٢٠٠٢ | ١١ | ئیعفاکردنی بەندکراو (سەرمەند صابر رشید) |
| ٢٩. | بڕیاری ژمارە (٢٩) | ١٩/شوبات/٢٠٠٢ | ١١ | ئیعفاکردنی بەندکراو (سامان سیروان محمد) |
| ٣٠. | بڕیاری ژمارە (٣٠) | ١٩/شوبات/٢٠٠٢ | ١٢ | هەلگرتنی هێمای (عدم التصرف) لەسەر خانووی ژمارە (٥٤٦/٩١) بە ناوی (عبد الله عبد الكريم محمد) |
| ٣١. | بڕیاری ژمارە (٣١) | ١٩/شوبات/٢٠٠٢ | ١٢ | دانانی هێمای (عدم التصرف) بۆ ماوەی (٢) ساڵ لەسەر ئەو خانووانەی کە زیادە ڕۆییان کردوە |
| ٣٢. | بڕیاری ژمارە (٣٢) | ٢/ئازار/٢٠٠٢ | ١٢ | خەرج کردین مووچەی بڕاوە (مقطوع) بۆ وارسی شەرعی قوربانیانی تاوانی ئەنفال و کیمیاباران بە بڕی (٢٠٠) دینار مانگانە |
| ٣٣. | بڕیاری ژمارە (٣٣) | ٢/ئازار/٢٠٠٢ | ١٣ | بڕینەوەی مووچەی خانەنشینی مانگانە (٣٠٠) دینار بۆ وەرەسەی شەرعی فەرمانبەرانی کیمیابارانی هەڵەبجەر شەهید لە ساڵی ١٩٨٨ |
| ٣٤. | بڕیاری ژمارە (٣٤) | ٢/ئازار/٢٠٠٢ | ١٤ | بەکرێدانی زەوی ژمارە (٩٧/١٦٩ کەرتی (٨) ئابلاخ) بۆ کۆمپانیای قوباد بە شێوەی مساطحة |
| ٣٥. | بڕیاری ژمارە (٣٥) | ٢/ئازار/٢٠٠٢ | ١٤ | تەملیك کردنی خانووی ژمارە (١٩٤/٢٧٢) بە ناوی (ئەرسەلان بایز إسماعیل) وە خانووی ژمارە (١٩٣/٢٧٢) بە ناوی (ژیان محمد علی) |
| ٣٦. | بڕیاری ژمارە (٣٦) | ٢/ئازار/٢٠٠٢ | ١٤ | ڕاگرتنی ئیجرائاتی یاسای دژ بە تاوانبار(صالح سعید شریف) |
| ٣٧. | بڕیاری ژمارە (٣٧) | ٢/ئازار/٢٠٠٢ | ١٥ | ئیعفاکردنی بەندکراو (کارزان عبد الله فرج) |
| ٣٨. | بڕیاری ژمارە (٣٨) | ٢/ئازار/٢٠٠٢ | ١٥ | هەلگرتنی هێمای (حجز) لەسەر پارچە زەوی ژمارە (٣١/٧٥) بەناوی خوالێخۆشبوو (نوری وەشتی محمد أمین) تۆمار کرابوو |

# پـــــــــاشكۆ

| ژ | ژمارەی بڕیار | ڕۆژ | لاپەڕە | بابەت |
|---|---|---|---|---|
| ٣٩. | بڕیاری ژمارە (٣٩) | ٢/ئازار/٢٠٠٢ | ١٦ | بڕینەوەی مووچەی خانەنشینی بۆ ئەو فەرمانبەرانەی کە گیانیان لەدەست داوە لە ئەنجامی کاری وەزیفی |
| ٤٠. | بڕیاری ژمارە (٤٠) | ٣/ئازار/٢٠٠٢ | ١٦ | ترقیة (٧٤) ضابط |
| ٤١. | بڕیاری ژمارە (٤١) | ٢٥/ئازار/٢٠٠٢ | ١٧ | مەدالیای شەرەف بۆ وەرەسەی شەرعیئەو پێشمەرگەی دێرینانە کە لە ساڵی ١٩٧٦ بەشداریان لە شۆڕشی نوێی گەلی کوردستاندا کردوە وە دواتر شەهید بوون |
| ٤٢. | بڕیاری ژمارە (٤٢) | ٢٧/ئازار/٢٠٠٢ | ١٧ | ترقیة (٢٢) ضابط |
| ٤٣. | بڕیاری ژمارە (٤٣) | ٢٧/ئازار/٢٠٠٢ | ١٧ | بەکرێدانی (١٠) پارچە زەوی بۆ ئیدارەی گشتی (ی. ن. ك) |
| ٤٤. | بڕیاری ژمارە (٤٤) | ٣١/ئازار/٢٠٠٢ | ١٨ | بەکرێدانی زەوی ژمارە (١٧٩/٩ مەڵکەندی دەباشان) بە مەکتەبی ئیدارەی گشتی (ی. ن. ك) بە شێوەی مساطحة |
| ٤٥. | بڕیاری ژمارە (٤٥) | ٨/نیسان/٢٠٠٢ | ١٨ | إعادة الضابط المتقاعد( منصور عبد الكريم الحفيد) إلى الخدمة برتبة لواء بالنظر لأشتراكه في الثورة التحررية الكوردستانية بدون أنقطاع |
| ٤٦. | بڕیاری ژمارە (٤٦) | ٨/نیسان/٢٠٠٢ | ١٨ | زیاد کردنی مووچەی بنەڕەتی (إسمی) ئەفسەرانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ بە ڕێژەی (١٠٠٪) |
| ٤٧. | بڕیاری ژمارە (٤٧) | ١١/ئایار/٢٠٠٢ | ١٩ | ڕاگرتنی ئیجرائاتی یاسای دژ بە تاوانبار (یوسف عبد الله سعید) |
| ٤٨. | بڕیاری ژمارە (٤٨) | ١١/ئایار/٢٠٠٢ | ١٩ | (٢٠تا ٢٤)ی مانگی ئازار دەبێ بە پشووی تایبەت بە جەژنی نەورۆز |
| ٤٩. | بڕیاری ژمارە (٤٩) | ١١/ئایار/٢٠٠٢ | ٢٠ | پێدانی دەسەڵات بە وەزیری شارەوانی بۆ ئاڵو گۆڕ کردنی ئەو زەویانەی کە موڵکی تەواوی هاووڵاتیانن |
| ٥٠. | بڕیاری ژمارە (٥٠) | ١١/ئایار/٢٠٠٢ | ٢٠ | ئیعفاکردني بەندکراو (نور الدين علي قادر) |
| ٥١. | بڕیاری ژمارە (٥١) | ١١/ئایار/٢٠٠٢ | ٢١ | مەدالیای شەرەف پێشکەی بە پێشمەرگەی دێرین (محمد علی مەمەند) کە لە ساڵی ١٩٧٦ بەشداری کردووە لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان |

# پاشکۆ

| ژ | ژمارەی بڕیار | ڕۆژ | لاپەڕە | بابەت |
|---|---|---|---|---|
| .٥٢ | بڕیاری ژمارە (٥٢) | ١١/ئایار/٢٠٠٢ | ٢١ | گەڕانەوەی دادواری خانەنشین کراو (إبراهیم أمین ڕۆستم) بۆ سەر کاری پێشووی دادوەری پلە چوار نمرە (د) |
| .٥٣ | بڕیاری ژمارە (٥٣) | ١١/ئایار/٢٠٠٢ | ٢١ | تعدیل کرنی ماددەی (٤) لە یاسای وەزارەتی ڕۆشنبیری وە أستحداث کردنی (بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتی‌یەکان) |
| .٥٤ | بڕیاری ژمارە (٥٤) | ١١/ئایار/٢٠٠٢ | ٢٢ | هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٢٦٤) لە ١٢/نشرینی یەکەم/١٩٩٩ دەربارەی تاوانبار (مەریوان عثمان حمە صالح) |
| .٥٥ | بڕیاری ژمارە (٥٥) | ١١/ئایار/٢٠٠٢ | ٢٢ | زیاد کردنی ئاشکرا دەربارەی فرۆشتنی زەویەکانی بناری گۆیژەو ئەزمەڕ |
| .٥٦ | بڕیاری ژمارە (٥٦) | ١١/ئایار/٢٠٠٢ | ٢٣ | مەربارەی مووچەی خانەنشینی ئەو فەرمانبەرانەی بە پلەی (شارەزا) خانەنشین دەکرێن |
| .٥٧ | بڕیاری ژمارە (٥٧) | ١١/ئایار/٢٠٠٢ | ٢٣ | خەرج کردنی مووچەیەکی خانەنشینی مانگانە بە بڕی (١٠٠٠) دینار بۆ (٢٢) نووسەرو هونەرمەند |
| .٥٨ | بڕیاری ژمارە (٥٨) | ١١/ئایار/٢٠٠٢ | ٢٤ | هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری ژمارە (١) لە ٥/کانوونی دووەم/٢٠٠٢ وە کاری ئیجرائاتی یاسای بەرامبەر تاوانبار (یاسین حسن أمین) لەگەڵیدا دەکرێت |
| .٥٩ | بڕیاری ژمارە (٥٩) | ١١/ئایار/٢٠٠٢ | ٢٤ | بەخشینی (٤) کۆمپانیا لە باج |
| .٦٠ | بڕیاری ژمارە (٦٠) | ١١/ئایار/٢٠٠٢ | ٢٤ | بەدەر کردنی تاوانبار (صالح أحمد شریف) لة یاساي (أصول محاكمات الجزائية) ژمارە (٣٢)ی ساڵی ١٩٧١ |
| .٦١ | بڕیاری ژمارە (٦١) | ١١/ئایار/٢٠٠٢ | ٢٥ | بەڕێز (رشدی عزیز صالح) وەزیری داد سیفەتە قەزائیەکەی پارێزراو دەبێت |
| .٦٢ | بڕیاری ژمارە (٦٢) | ١٣/ئایار/٢٠٠٢ | ٢٥ | إلغاء کراوەتەوە |

# پاشکۆ


| ژ | ژمارەی بڕیار | ڕۆژ | لاپەڕە | بابەت |
|---|---|---|---|---|
| ٦٣. | بڕیاری ژمارە (٦٣) | ١٣/ئایار/٢٠٠٢ | ٢٥ | تعدیل کردنی یاسای داهاتی شارەوانی ژمارە (١٣٠)ی ساڵی ١٩٦٣ تایبەت بە بڕگەکانی پەیوەندار بە ڕەسمی کاسبانە (رسوم ممارسة المهن) |
| ٦٤. | بڕیاری ژمارە (٦٤) | ١٣/ئایار/٢٠٠٢ | ٢٦ | پەسەند کردنی پەڕەو پرۆگرامی کۆنگرەی دووەمی سەندیکای پزیشکانی کوردستان |
| ٦٥. | بڕیاری ژمارە (٦٥) | ١٤/ئایار/٢٠٠٢ | ٢٧ | حصول على أذن مسبق من وزارة الداخلية الذين يودون وظيفة لدى المنظمات الدولية أو المنضمات الأجنبية غير الحكومية أو الشركات الأجنبية العاملة في الإقليم كوردستان |
| ٦٦. | بڕیاری ژمارە (٦٦) | ١٥/ئایار/٢٠٠٢ | ٢٨ | بەخشین خاون (٦) ئوتێل لە قەرزی (ئاو، کارەبا، باجی دەرامەت، کاسبانە) |
| ٦٧. | بڕیاری ژمارە (٦٧) | ١٥/ئایار/٢٠٠٢ | ٢٨ | بەخشینی سەرۆکایەتی شارەوانی کوردستان لە بڕی (٤٦٤٠٠٠٤) دینار کە قەرزاری وەزارەتی پیشەسازیو وزەن |
| ٦٨. | بڕیاری ژمارە (٦٨) | ١٥/ئایار/٢٠٠٢ | ٢٨ | بەخشینی دادوەرانی هەرێمی کوردستان لە ڕەسمی گومرگی کڕینو هێنانی ئۆتومبیل بۆ هەرێمی کوردستان بۆ یەکجار |
| ٦٩. | بڕیاری ژمارە (٦٩) | ١٥/ئایار/٢٠٠٢ | ٣٩ | بەخشینی هەموو مافو ئیمتیازی شەهید بە وەرەسەی خوالێخۆشبوو (جلال وسێن محمد) |
| ٧٠. | بڕیاری ژمارە (٧٠) | ١٥/ئایار/٢٠٠٢ | ٣٩ | بەدەر کردنی (٥) شەهید لە مەرجی بوونی ناسنامە وە بڕینەوەی مووچەی شەهیدان بۆ وارسەکانیان |
| ٧١. | بڕیاری ژمارە (٧١) | ١٥/ئایار/٢٠٠٢ | ٤٠ | بەدەر کردنی (٢) کەس لە بڕگەی (٦) ی بڕیاری ژمارە (١٢١)ی ١٩٩٨ |
| ٧٢. | بڕیاری ژمارە (٧٢) | ٢٠/ئایار/٢٠٠٢ | ٤٠ | کۆتایی هێنان بە ڕاژەی (عمر کریم محمد حفید) قائمقامی معوم لە دیوانی وەزارەتی ناوخۆ |

# پاشکۆ

| ژ | ژمارەی بڕیار | ڕۆژ | لاپەڕە | بابەت |
|---|---|---|---|---|
| ٧٣. | بڕیاری ژمارە (٧٣) | ٢٠/ئایار/٢٠٠٢ | ٤٠ | بەدەر کردنی لە یاسای ژمارە (٣٢)ی ساڵی ١٩٨٦ لە هەردوو پارچە زەوی ژمارە (١٧٠/٧٧، ١٦٧ کەرتی (٨) ئابلاخ) بدریچت بە کۆمپانیای هەڵەبجە بە نرخی (١٥٠٠)دینار بۆ هەر مەترە دووجایەك |
| ٧٤. | بڕیاری ژمارە (٧٤) | ٢٠/ئایار/٢٠٠٢ | ٤١ | بەدەر کردنی لە یاسای (أصول المحاكمات الجزائية) ژمارە (٣٢)ی ساڵی ١٩٧١ بە تاوانبار (شیروان محمود ڕۆستم) |
| ٧٥. | بڕیاری ژمارە (٧٥) | ٢١/ئایار/٢٠٠٢ | ٤١ | إجراء التعديلات الآتية على قانون الشركات رقم (٣٦) لسنة ١٩٨٣ |
| ٧٦. | بڕیاری ژمارە (٧٦) | ٢٢/ئایار/٢٠٠٢ | ٤٢ | تأسيس الشركات العامه في إقليم كوردستان العراق |
| ٧٧. | بڕیاری ژمارە (٧٧) | ٢٧/ئایار/٢٠٠٢ | ٤٨ | بمناسبة ذكرى المولد النبوي الشريف يعفى عفواً عاماً الأحداث المحكومون عما تبقى من مدة محكومياتهم. |
| ٧٨. | بڕیاری ژمارە (٧٨) | ١/حوزەیران/٢٠٠٢ | ٤٩ | ترقية (٦٥) ضابط |
| ٧٩. | بڕیاری ژمارە (٧٩) | ١/حوزەیران/٢٠٠٢ | ٤٩ | ترقية (٦) ضابط |
| ٨٠. | بڕیاری ژمارە (٨٠) | ١/حوزەیران/٢٠٠٢ | ٤٩ | ترقية (٨) ضابط |
| ٨١. | بڕیاری ژمارە (٨١) | ٢/حوزەیران/٢٠٠٢ | ٥٠ | (عثمان محمد فوأد) ڕاوێژکار لە وەزارەتی پەیوەندیو هاوکاری پلەی وەزیفیەکەی بکرێت بە (بریکاری وەزارەت) بە مەبەستی وەرگرتنی مووچەو دەرماڵەو خانەنشینی |
| ٨٢. | بڕیاری ژمارە (٨٢) | ٢/حوزەیران/٢٠٠٢ | ٥٠ | بەخشینی هاووڵاتی (مصطفى محمد سعيد صالح) خاوەن ئوتێل (کانی) لە قەرزی (ئاو، کارەبا، کاسبانە، خۆڵ) |
| ٨٣. | بڕیاری ژمارە (٨٣) | ٢/حوزەیران/٢٠٠٢ | ٥٠ | قانون المحافظات |
| ٨٤. | بڕیاری ژمارە (٨٤) | ٣/حوزەیران/٢٠٠٢ | ٥٢ | پەسەند کردنی بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی دارایی ٢٠٠٢ |
| ٨٥. | بڕیاری ژمارە (٨٥) | ٣/حوزەیران/٢٠٠٢ | ٥٣ | پەسەند کردنی دەست لەکار کێشانەوەی بەڕێز (نەوشیروان فوأد مستی) لە پۆستی وەزیری ناوخۆ |
| ٨٦. | بڕیاری ژمارە (٨٦) | ٣/حوزەیران/٢٠٠٢ | | ئیعفاکردنی بەڕێز (د. بەرهەم أحمد صالح) لە پۆستی وەزیری پەیوەندیو هاوکاری |

# پـــــــاشكۆ

| ژ | ژمارەی بڕیار | ڕۆژ | لاپەڕە | بابەت |
|---|---|---|---|---|
| .٨٧ | بڕیاری ژمارە (٨٧) | ٣/حوزەیران/٢٠٠٢ | ٥٤ | دامەزراندنی بەڕێز (فەریدون عبد القادر فرج) بە وەزیری ناوخۆ |
| .٨٨ | بڕیاری ژمارە (٨٨) | ٣/حوزەیران/٢٠٠٢ | ٥٤ | جێبەجێ كردنی بڕیاری لەسێدارەدانی (طارق رفیق نوري) و (حسین عباس سعید) |
| .٨٩ | بڕیاری ژمارە (٨٩) | ٥/حوزەیران/٢٠٠٢ | ٥٥ | گەڕانەوەی (٦) مامۆستای سەرپەرشتیاری پەروەردەی كەركوك لەسەر كاری پێشووی خۆیان |
| .٩٠ | بڕیاری ژمارە (٩٠) | ٥/حوزەیران/٢٠٠٢ | ٥٥ | لابردنی هێمای مامەڵە نەكردن لەسەر خانووی (١١/٢٨١ كەرتی (١) مەڵكەندی دەباشان) بە (ئاوات فائق چالاك) |
| .٩١ | بڕیاری ژمارە (٩١) | ١١/حوزەیران/٢٠٠٢ | ٥٦ | إيقاف الإجراوات القانونية بحق (١٥) أشخاص |
| .٩٢ | بڕیاری ژمارە (٩٢) | ١٥/حوزەیران/٢٠٠٢ | ٥٦ | مامۆستایانی (وەرزش و هونەر) بەدەر دەكریچن لە بڕیاری ژمارە (١٠٣٤)ی ساڵی ١٩٧٥ |
| .٩٣ | بڕیاری ژمارە (٩٣) | ١٥/حوزەیران/٢٠٠٢ | ٥٦ | تەعدیل كردنی بڕگەی (١/أ) لە بڕیاری ژمارە (٥٦) لە ١١/ئایار/٢٠٠٢ |
| .٩٤ | بڕیاری ژمارە (٩٤) | ١٥/حوزەیران/٢٠٠٢ | ٥٧ | گواستنەوەی مووچەی ئەفسەرە كۆچ كردوەكان لە وەزارەتی كارو كاروباری كۆمەڵایەتی بۆ سەر میلاكی بەڕێوەبەرایەتی خانەنشینی سلێمانی |
| .٩٥ | بڕیاری ژمارە (٩٥) | ١٥/حوزەیران/٢٠٠٢ | ٥٧ | شمولكردنی وەرەسەی ئەو فەرمانبەرانەی كە گیانیان لە دەستداوە ویان تووشی عجز بوون لە دەرئەنجامی كاری وەزیفی بەهۆی (كارەبا ڕووداوی كارگەكان) |
| .٩٦ | بڕیاری ژمارە (٩٦) | ١٥/حوزەیران/٢٠٠٢ | ٥٧ | بەخشینی (٤٨) فەرمانبەر لە بری قەرزەكانی لەسەریان كۆبۆتەوە بەپێی بڕیاری ژمارە (٣٨٠)ی ساڵی ١٩٨٧ |
| .٩٧ | بڕیاری ژمارە (٩٧) | ١٥/حوزەیران/٢٠٠٢ | ٥٨ | شمولكردنی وارسی قوربانیانی كارەساتی كیمیاباران و ئەنفال كە لە ساڵی ١٩٨٧ ڕووی داوە لە دۆڵی (بالیسان و جافایەتی) |

# پاشکۆ

| ژ | ژمارەی بڕیار | ڕۆژ | لاپەڕە | بابەت |
|---|---|---|---|---|
| .٩٨ | بڕیاری ژمارە (٩٨) | ١٥/حوزەیران/٢٠٠٢ | ٥٩ | قستی دڵنیایی لەسەر ئۆتۆمبیل وەردەگیرێت لە ڕێگەی زیادکردنی نرخی ئەو بڕە گازو بەنزینەی کە بەکاردەهێنرێت بە بڕی (١٠٠) فلس بۆ هەر لیترێك لە بەنزین‌و گاز |
| .٩٩ | بڕیاری ژمارە (٩٩) | ١٥/حوزەیران/٢٠٠٢ | ٥٩ | هەڵوەشاندنەوەی تۆمارکردنی پارچە زەوی (٣٥/١٧٥ کەرتی (٨) ئابلاخ) تۆمارکراوە بە ناوی (کۆمەڵەی هەرەوەزی نیشتەجێی سلێمانی |
| .١٠٠ | بڕیاری ژمارە (١٠٠) | ١٥/حوزەیران/٢٠٠٢ | ٦٠ | بەخشینی (زاهیر کریم محمود) لە بڕی (٧٤٩٧) دینار |
| .١٠١ | بڕیاری ژمارە (١٠١) | ١٦/حوزەیران/٢٠٠٢ | ٦٠ | ئیعفاکردنی بەندکراو (ولید محمد سلمان المالكی) |
| .١٠٢ | بڕیاری ژمارە (١٠٢) | ١٧/حوزەیران/٢٠٠٢ | ٦٠ | پارچە زەوی وەزارەتی دارایی‌و ئابووری کە درا بوو بە وەزارەتی پیشەسازی‌و وزە/ کارگەی چیمەنتۆی سەرچنار (٤٩ کەرتی (٨) ئابلاخ)تەرخان کراوە بۆ (باڵەخانەیکی سەکەنی) |
| .١٠٣ | بڕیاری ژمارە (١٠٣) | ١٤/تەمموز/٢٠٠٣ | ٦١ | ترقیة (٤٣) ضابط |
| .١٠٤ | بڕیاری ژمارە (١٠٤) | ١٤/تەمموز/٢٠٠٣ | ٦١ | ترقیة (١٠٨) ضابط |
| .١٠٥ | بڕیاری ژمارە (١٠٥) | ١٤/تەمموز/٢٠٠٣ | ٦١ | أعادة الضابط الطيار (دلشاد رؤوف نوري) |
| .١٠٦ | بڕیاری ژمارە (١٠٦) | ١٤/تەمموز/٢٠٠٣ | ٦٢ | منح (٩) القادة البيشمەرطة |
| .١٠٧ | بڕیاری ژمارە (١٠٧) | ٣/ئاب/٢٠٠٣ | ٦٢ | بەدەر کردنی تۆمەتبار (صالح احمد شریف) لە حوکمەکانی یاسای بنەماکانی دادگایی کردنە سزاییەکانی ژمارە (٢٣)ی ساڵی ١٩٧١ |
| .١٠٨ | بڕیاری ژمارە (١٠٨) | ٣/ئاب/٢٠٠٣ | ٦٢ | بەدەر کردنی تۆمەتبار (شیروان محمد ڕۆستم) لە حوکمەکانی یاسای بنەماکانی دادگایی کردنە سزاییەکانی ژمارە (٢٣)ی ساڵی ١٩٧١ |
| .١٠٩ | بڕیاری ژمارە (١٠٩) | ٣/ئاب/٢٠٠٣ | ٦٣ | بەرزکردنەوەی ئاستی باڵای مووچەی خانەنشینی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان لە (٣٤٠) دینارەوە بۆ (٤٠٠) دینار |

# پاشکۆ


| ژ | ژمارەی بڕیار | ڕۆژ | لاپەڕە | بابەت |
|---|---|---|---|---|
| .١١٠ | بڕیاری ژمارە (١١٠) | ٣/ئاب/٢٠٠٣ | ٦٣ | بەخشینی کرمپانیای خاك لە بری (٧٦٥٠) لە ئەنجامی پەیوەستنامەی دابینکردنی (نەوتی ڕەش) لە دەرەوەی هەرێم بۆ کارگەی چیمەنتۆی تاسلوجە |
| .١١١ | بڕیاری ژمارە (١١١) | ٣/ئاب/٢٠٠٣ | ٦٣ | خانەنشین کردنی بەڕێز (عبد الرحمن أمین کریم) |
| .١١٢ | بڕیاری ژمارە (١١٢) | ٣/ئاب/٢٠٠٣ | ٦٤ | دامەزراندنی کۆمپانیای هاوبەش بۆ دروستکردنی پرۆژەی گەشتوگوزار لە شارۆچکەی (دوکان) |
| .١١٣ | بڕیاری ژمارە (١١٣) | ٣/ئاب/٢٠٠٣ | ٦٤ | مۆڵەت پێدانی بەڕێز (شێرزاد عبد الحافظ) قائممقامی قەزای چەمچەماڵ |
| .١١٤ | بڕیاری ژمارە (١١٤) | ٣/ئاب/٢٠٠٣ | ٦٥ | تأسیس المصارف المساهمة الخاصة و المختلطة |
| .١١٥ | بڕیاری ژمارە (١١٥) | ٣/ئاب/٢٠٠٣ | ٧٠ | تنظیم البث المسموع و المرئي |
| .١١٦ | بڕیاری ژمارە (١١٦) | ٣/ئاب/٢٠٠٤ | ٧٢ | دامەزراندنی بەڕێز (نەوزاد حسین صالح) بە مدون قانونی |
| .١١٧ | بڕیاری ژمارە (١١٧) | ٣/ئاب/٢٠٠٤ | ٧٢ | گەڕانەوەی بەڕێز (محمد محی الدین) دادوەری خانەنشین کراو بۆ سەر کاری پێشووی وەك (دادوەر) |
| .١١٨ | بڕیاری ژمارە (١١٨) | ٣/ئاب/٢٠٠٤ | ٧٢ | لابردنی هێمای مامەڵەنەکردن لەسەر خانووی (٥/٧٥ کەرتی (٨) ئابلاخ) بۆ خوالێخۆشبوو (محمد علی قوربانی) |
| .١١٩ | بڕیاری ژمارە (١١٩) | ٣/ئاب/٢٠٠٤ | ٧٣ | ڕەسمی مۆڵەتپێدانی (نووسینگەی بریکاری پۆست) بۆ دەرەوەی هەرێم |
| .١٢٠ | بڕیاری ژمارە (١٢٠) | ٣/ئاب/٢٠٠٣ | ٧٣ | بەخشینی وارسی شەرعی شەهیدانو کەم ئەندامانی پێشمەرگە لە (ڕەسم) |
| .١٢١ | بڕیاری ژمارە (١٢١) | ٣/ئاب/٢٠٠٤ | ٧٤ | گۆڕینی جۆری پارچە زەوی (١٠١٩/٢٦٧ کەرتی مەلکەندی دەباشان) لە بینایەی گشتی بۆ نیشتەجێی |
| .١٢٢ | بڕیاری ژمارە (١٢٢) | ٣/ئاب/٢٠٠٣ | ٧٤ | إضافە کردنی پارچە زەوی (٦٢٠/٩١ کەرتی (٨)ی ئابلاخ) کە موڵکی شارەوانی سلێمانیە بۆ سەر باخچەکەی ئیدارەی گشتی (ی. ن. ك) |

# پـــــــاشكۆ

| ژ | ژمارەی بڕیار | ڕۆژ | لاپەڕە | بابەت |
|---|---|---|---|---|
| ١٢٣. | بڕیاری ژمارە (١٢٣) | ١١/ئاب/٢٠٠٣ | ٧٤ | هەڵوەشاندنەوەی پەیوەستنامەی (سليمان محمد على كاكى) و وەزارەتی شارەوانیو گەشتو گوزار |
| ١٢٤. | بڕیاری ژمارە (١٢٤) | ١٢/ئاب/٢٠٠٣ | ٧٥ | هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری ژمارە (١٢) لە ٢٨/كانوونی دووەمی/٢٠٠٢ وە تەمليك كردنی خانوو (٤/٤٣ كەرتی (٨) ئابلاخ) بە ناوی (عبد المجيد رضا عبد الله) |
| ١٢٥. | بڕیاری ژمارە (١٢٥) | ٩/ئەيلول/٢٠٠٣ | ٧٥ | تختص المحاكم الجنائية الفصل في الجرائم المنصوص عليها في قانون رقم (٨) لسنة ١٩٩٢ (معاقبة حيازة صنع و أستعمال المتفجرات و المرفرقعات) |
| ١٢٦. | بڕیاری ژمارە (١٢٦) | ٩/ئەيلول/٢٠٠٣ | ٧٦ | تؤلف المحكمة العسكرية دائمية في وزارة الشؤون البيشمركةو تختص بالنظر في الجرائم التي يرتكبها منتسبو وزارة الشؤون البيشمركة |
| ١٢٧. | بڕیاری ژمارە (١٢٧) | ٩/ئەيلول/٢٠٠٣ | ٧٦ | يعفى عفو عاما لـ(جميع المحكومين بسبب أرتكابهم جرائم الهروب و الغياب) |
| ١٢٨. | بڕیاری ژمارە (١٢٨) | ١١/ئەيلول/٢٠٠٣ | ٧٧ | ڕێگەدان بە (جەزا عبد الرحمن) بە هێنانی كەلوپەل لە دەرەوەی هەرێم بۆ دامەزراندنی كارگەی تێكردنەوەی گاز لە شاری كۆیە |
| ١٢٩. | بڕیاری ژمارە (١٢٩) | ١٥/ئەيلول/٢٠٠٣ | ٧٨ | دابین كردنی (٥٠٠٠) دينار مانگانە بۆ (٥) زيندانی سياسی |
| ١٣٠. | بڕیاری ژمارە (١٣٠) | ١٧/ئەيلول/٢٠٠٣ | ٧٨ | أعفاد المحكوم (شالاو محمد حسين) |
| ١٣١. | بڕیاری ژمارە (١٣١) | ١٨/ئەيلول/٢٠٠٣ | ٧٩ | ئيعفاكردنی ليوا سەربازی (منصور عبد الكريم الحفيد) لە پلەی قائممقام |
| ١٣٢. | بڕیاری ژمارە (١٣٢) | ٢٢/ئەيلول/٢٠٠٣ | ٧٩ | ڕاگرتنی هەموو ئيجرائاتی ياسايی بەرامبەر بە (٢٠) تاوانبار |
| ١٣٣. | بڕیاری ژمارە (١٣٣) | ٢٣/ئەيلول/٢٠٠٣ | ٨٠ | ئيعفاكردنی بەندكراو (باسمە محمد منصور الخالد) |

# پاشکۆ

| ژ | ژمارەی بڕیار | ڕۆژ | لاپەڕە | بابەت |
|---|---|---|---|---|
| ١٣٤. | بڕیاری ژمارە (١٣٤) | ٢٥/ئەیلول/٢٠٠٣ | ٨٠ | شکۆنامەی ڕێزلێنان ئاراستەی (٢٠) پێشمەرگەو تێکۆشەر دێرینانەی کە لە ساڵی ١٩٧٦ چوونەتە زیندانو ژمارەیەکیان گیانیان بەخشیوەو شەهیدبوون یان بێ دابڕان بەشداریان لە شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا کردووە |
| ١٣٥. | بڕیاری ژمارە (١٣٥) | ٢٥/ئەیلول/٢٠٠٣ | ٨١ | مەدالیای شەرەف ئاراستەی (٢٠) پێشمەرگەو تێکۆشەر دێرینانەی کە لە ساڵی ١٩٧٦ چوونەتە زیندانو ژمارەیەکیان گیانیان بەخشیوەو شەهیدبوون یان بێ دابڕان بەشداریان لە شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا کردووە |
| ١٣٦. | بڕیاری ژمارە (١٣٦) | ٢٨/ئەیلول/٢٠٠٣ | ٨٢ | هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری دادگای أستئناف کەرکوك ژمارە (١١٨/ت/٢٠٠١) لە ٢٠٠١/٧/٧ سەبارەت بە فرۆشتنی خانووی (١٣٥٣/١٧ زەرگەتە) |
| ١٣٧. | بڕیاری ژمارە (١٣٧) | ٢٨/ئەیلول/٢٠٠٣ | ٨٢ | بڕینەوەی مووچەی (٥٠٠٠) دینار مانگانە بۆ (٣) پێشمەرگەی دێرین لە ساڵی ١٩٧٦ بێ دابڕان بەشداریان لە شۆڕشی نوێ گەلەکەمان کردوە |
| ١٣٨. | بڕیاری ژمارە (١٣٨) | ٢٨/ئەیلول/٢٠٠٣ | ٨٢ | پێداچوونەوە بە دۆسیەی کێشەی تاوانبار (مەریوان أبو بکر قادر) |
| ١٣٩. | بڕیاری ژمارە (١٣٩) | ٢٨/ئەیلول/٢٠٠٣ | ٨٣ | دامەزراندنی (٢) مافناس بە جێگری داواکاری گشتی |
| ١٤٠. | بڕیاری ژمارە (١٤٠) | ٢٨/ئەیلول/٢٠٠٣ | ٨٣ | ئیعفاکردنی بەندکراو (سامان عبد الکریم خلیفە) |
| ١٤١. | بڕیاری ژمارە (١٤١) | ٢٨/ئەیلول/٢٠٠٣ | ٨٣ | تعدیل قانون وزارة العلاقات و التعاون رقم (٢٠) لسنة ١٩٩٣ المعدل |
| ١٤٢. | بڕیاری ژمارە (١٤٢) | ٢٨/ئەیلول/٢٠٠٣ | ٨٤ | بڕینەوەی (٤٥٠٠) دینار مانگانە بۆ وارسی شەرعی پێشمەرگەی دێرین (دلشاد حسن ئاغا) |

# پـــــــاشکۆ

| ژ | ژمارەی بڕیار | ڕۆژ | لاپەڕە | بابەت |
|---|---|---|---|---|
| .١٤٣ | بڕیاری ژمارە (١٤٣) | ٢٨/ئەیلول/٢٠٠٣ | ٨٥ | بڕینەوەی (٤٠٠٠) دینار مانگانە بۆ وارسی شەرعی پێشمەرگەی دێرین (دڵشاد حسن ئاغا) |
| .١٤٤ | بڕیاری ژمارە (١٤٤) | ٢٨/ئەیلول/٢٠٠٣ | ٨٥ | بەخشینی بەڕێز (د. فاروق عبد الله کریم له بڕی (٨٥٠٠٠) دینار |
| .١٤٥ | بڕیاری ژمارە (١٤٥) | ٢٨/ئەیلول/٢٠٠٣ | ٨٥ | هەڵوەشاندنەوەی پەیوەست نامەی نێوان وەزارەتی شارەوانیو گەشتو گوزار لەگەڵ (میهار ملك مظفر) |
| .١٤٦ | بڕیاری ژمارە (١٤٦) | ٢٨/ئەیلول/٢٠٠٣ | ٨٦ | بەدەرکـردنی ئەندازیار (زیـرەك إسماعیـل سەرهەنگ) لە بڕیاری (٤٩)ی ساڵی ٢٠٠١ |
| .١٤٧ | بڕیاری ژمارە (١٤٧) | ٢٨/ئەیلول/٢٠٠٣ | ٨٦ | بڕینـەوەی مووچـەی (٥٠٠٠) دینـار بـۆ (٢٠) پێشـمەرگەو تێکۆشـەر دێرینانـەی کـە لـە ساڵی ١٩٧٦ چوونەتە زیندانو ژمارەیەکیان گیانیـان بەخشیوەو شـەهیدبوون یـان بـێ دابـڕان بەشـداریان لـە شۆڕشـی نـوێی گەلەکەماندا کردووە |
| .١٤٨ | بڕیاری ژمارە (١٤٨) | ٢٨/ئەیلول/٢٠٠٣ | ٨٧ | دامەزرانـدنی (سـەروەت محمـد أمـین) بـە بەڕێوەبەری ناحیەی بەمۆ |
| .١٤٩ | بڕیاری ژمارە (١٤٩) | ٢٨/ئەیلول/٢٠٠٣ | ٨٧ | ئیعفاکردنی بەندکراو (أیاد أکبر جعفر) |
| .١٥٠ | بڕیاری ژمارە (١٥٠) | ٢٨/ئەیلول/٢٠٠٣ | ٨٧ | بەدەرکردنی (فاروق عبد الفتاح محمد) لە برگـەی (١)ی بڕیـاری ژمـارە (١٢٠)ی سـاڵی ١٩٩٨ |
| .١٥١ | بڕیاری ژمارە (١٥١) | ٢٨/ئەیلول/٢٠٠٣ | ٨٨ | بەخشینی (د. مصطفی حاجی کریم أحمد) لە بڕی (٥٠٥٠٠) دینار |
| .١٥٢ | بڕیاری ژمارە (١٥٢) | ٢٨/ئەیلول/٢٠٠٣ | ٨٨ | تخویل الحقوقیة (ئاواز عمـر علـي) المقیمـة حالیـا في عاصـمة الولایـات المتحـدة المرکیـة صلاحیات المبنیة في قانون الکاتب العدل |
| .١٥٣ | بڕیاری ژمارە (١٥٣) | ٢٨/ئەیلول/٢٠٠٣ | ٨٩ | بەخشینی مزگەوتی (حسینیەی حکیم) لە دانی پارەی ئاو کارەبا |
| .١٥٤ | بڕیاری ژمارە (١٥٤) | ٢٨/ئەیلول/٢٠٠٣ | ٨٩ | بەخشینی (عدنان مایخان عبد الله) لـە بـڕی (٢٣٨٥٦) دینار |

# پاشکۆ


| ژ | ژمارەی بڕیار | ڕۆژ | لاپەڕە | بابەت |
|---|---|---|---|---|
| .١٥٥ | بڕیاری ژمارە (١٥٥) | ٢٨/ئەیلول/٢٠٠٣ | ٨٩ | بە خشینی (ڕێبین نخند صوفی) لە بڕی (٥٥٠٠) دینار وە (شاخەوان محمد سلێمان) لە بڕی ٦٣٦٠) دینار |
| .١٥٦ | بڕیاری ژمارە (١٥٦) | ٢٨/ئەیلول/٢٠٠٣ | ٩٠ | پێدانی دەسەلات بە سەرۆکی دەزگای پرۆژە تایبەتیەکان بە مەبەستی دیاری کردنی کرێی ساڵانەی وێستگەکانی سوتەمەنی |
| .١٥٧ | بڕیاری ژمارە (١٥٧) | ٢٨/ئەیلول/٢٠٠٣ | ٩٠ | پێدانی دەسەلات بە وەزیری پەروەردە بە دامەزراندنی (٢٥٠) کەس لەسەر میلاکی وەزارەتی پەروەردە |
| .١٥٨ | بڕیاری ژمارە (١٥٨) | ٢٨/ئەیلول/٢٠٠٣ | ٩١ | کەم کردنەوەی ڕەسمی تۆمارکردن ئەو پارچە زەویانەی کە تەجاوزیان لەسەر کراوە بەپێی بڕیاری ژمارە (٢٤١)ی ساڵی ١٩٩٩ |
| .١٥٩ | بڕیاری ژمارە (١٥٩) | ٢٨/ئەیلول/٢٠٠٣ | ٩١ | فرۆشتی هەردوو پارچە زەوی (١/٢٩٨ کەرتی (٨) ئابلاخ) وە (١/٢٩٩ کەرتی (٨)ی ئابلاخ) بە (فاروق مەلا مصطفی) بە نرخی (١٥٠٠) دینار بۆ هەر مەترە دووجایەك |
| .١٦٠ | بڕیاری ژمارە (١٦٠) | ٢٨/ئەیلول/٢٠٠٣ | ٩١ | بەخشینی (پەخشان مهدی عباس) لە بری (٦٣٦١٨) دینار |
| .١٦١ | بڕیاری ژمارە (١٦١) | ٢٨/ئەیلول/٢٠٠٣ | ٩٢ | دابین کردنی شوێنی گونجاو لەلایەن شارەوانی سلێمانی بۆ دروست کردنی باڵەخانەی نیشتەجێی بوون لەلایەن کەرتی تایبەتەوە |
| .١٦٢ | بڕیاری ژمارە (١٦٢) | ٢٨/ئەیلول/٢٠٠٣ | ٩٣ | گرتنەوەی بڕیاری ژمارە (٣٦)ی ساڵی ٢٠٠١ بۆ بەڕێز (محسن عبد الحمن أحمد) |
| .١٦٣ | بڕیاری ژمارە (١٦٣) | ٢٨/ئەیلول/٢٠٠٣ | ٩٣ | تعدیل کردنی برگەی (١) لە بڕیاری (٦٢)ی ساڵی ٢٠٠١ وە بەخشینی پاداشتو یارمەتی بۆ فەرمانبەرانی لێهاتوو ساڵانە بە بڕی (٢٠٠٠) دینار |
| .١٦٤ | بڕیاری ژمارە (١٦٤) | ٢٨/ئەیلول/٢٠٠٣ | ٩٣ | بڕینەوەی مووچەی شەهیدانە بۆ شەهیدە گوندنیشینەکانی وەك شەهیدانی ئەنفالو کیمیاباران |

# پاشکۆ

| ژ | ژمارەی بڕیار | ڕۆژ | لاپەڕە | بابەت |
|---|---|---|---|---|
| .١٦٥ | بڕیاری ژمارە (١٦٥) | ٢٨/ئەیلول/٢٠٠٣ | ٩٤ | کارنەکردن بە بڕیاری ژمارە (١٥٦٤) لە ١٩٨٥/١٠/٩ لەلایەن ڕژێمەوە دەرچووە |
| .١٦٦ | بڕیاری ژمارە (١٦٦) | ٢٨/ئەیلول/٢٠٠٣ | ٩٤ | بڕینەوەی موچەیەکی خانەنشینی بە بڕی (٧٥٠) دینار مانگانە بۆ (ڕێکەوت هادی عبد الله) |
| .١٦٧ | بڕیاری ژمارە (١٦٧) | ٢٨/ئەیلول/٢٠٠٣ | ٩٤ | بەخشینی (بەرەی تورکمانی/عێراق) لەم بڕە پارانە (١٥٠٠٠٠، ١٢٨٨٠٠، ٧٤٦٢٠٠٠، ٥٨٧٠٠) دینار |
| .١٦٨ | بڕیاری ژمارە (١٦٨) | ٢٨/ئەیلول/٢٠٠٣ | ٩٥ | ڕاگرتنی ئیجرائاتی یاسایی بەرامبەر بە (٢) تاوانبار |
| .١٦٩ | بڕیاری ژمارە (١٦٩) | ٢٨/ئەیلول/٢٠٠٣ | ٩٥ | تعدیل کردنی یاسای وەزارەتی شارەوانیو گەشتو گوزار ژمارە (١٥)ی ساڵی ١٩٩٢ وە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٩)ی ساڵی ١٩٩٢ |
| .١٧٠ | بڕیاری ژمارە (١٧٠) | ٢٨/ئەیلول/٢٠٠٣ | ٩٦ | لابردنی هێمای (حجز) لەسەر پارچە زەوی (١/١٠٧ کەرتی (٣٥)ی کانی سپیکە) |
| .١٧١ | بڕیاری ژمارە (١٧١) | ٢٨/ئەیلول/٢٠٠٣ | ٩٦ | ڕاگرتنی ئیجرائاتی یاسایی بەرامبەر (١٠) تاوانبار |
| .١٧٢ | بڕیاری ژمارە (١٧٢) | ٢٨/ئەیلول/٢٠٠٣ | ٩٦ | خانەنشین کردنی (عبد الواحد سعید مصطفی) ڕاوێژکاری پێشووی وەزارەتی پەروەردە |
| .١٧٣ | بڕیاری ژمارە (١٧٣) | ٣٠/ئەیلول/٢٠٠٣ | ٩٧ | ئیعفاکردنی بەندکراو (بورهان خورشید رشید) |
| .١٧٤ | بڕیاری ژمارە (١٧٤) | ٣٠/ئەیلول/٢٠٠٣ | ٩٧ | منح (٣) قادة البيشمركة الرتب |
| .١٧٥ | بڕیاری ژمارە (١٧٥) | ٣٠/ئەیلول/٢٠٠٤ | ٩٧ | ترقية (٤١٩) ضابط |
| .١٧٦ | بڕیاری ژمارە (١٧٦) | ٣٠/ئەیلول/٢٠٠٣ | ٩٨ | هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری دادگای تەمییزی هەرێمی کوردستان ژمارە (٤٦) شخصيه ٢٠٠١ لە ٢٠٠١/٤/٢٣ تایبەتە بە فرۆشتنی خانووی ژمارە (١٣٥٣/١٧ کەرتی (٢)ی زەرگەتە) |
| .١٧٧ | بڕیاری ژمارە (١٧٧) | ٣٠/ئەیلول/٢٠٠٤ | ٩٨ | بەخشینی (عبد الله أحمد رسول) لە بڕی (٩٢٠٠٠) دینار |
| .١٧٨ | بڕیاری ژمارە (١٧٨) | ٣٠/ئەیلول/٢٠٠٤ | ٩٩ | دامەزراندی (جیهان محمد سعید خیاط) بە (مدون القانوني) |

# پاشکۆ

| ژ | ژمارەی بڕیار | ڕۆژ | لاپەڕە | بابەت |
|---|---|---|---|---|
| ١٧٩. | بڕیاری ژمارە (١٧٩) | ٣٠/ئەیلول/٢٠٠٣ | ٩٩ | ماوەی کارکردنی (أحمد شریف علی)و (عبد الباسط کریم مولود) بە خزمەتی (قەزائی) ئەژمێرێت بۆ گشت مەبەستەکان |
| ١٨٠. | بڕیاری ژمارە (١٨٠) | ٣٠/ئەیلول/٢٠٠٣ | ٩٩ | گشت دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەڕێز (جلال تاڵەبانی) لە بڕگەکانی (١٠، ١١)ی یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ١٩٩٢ دەدرێت بە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەڕێز (د. بەرهەم أحمد صالح) |
| ١٨١. | بڕیاری ژمارە (١٨١) | ٣٠/ئەیلول/٢٠٠٣ | ١٠٠ | هەڵوەشاندنەوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان |

سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان

ژمارەی بڕیار : (١)

ڕۆژ : ٥/ کانوونی دووەم/٢٠٠٢ ز

بەرامبەر : ١٥/ بەفرانبار/٢٧٠١ ك

## بڕیار

**پشت بە ئەحکامی بڕگەی (٤) لە مادده (١٠)ی یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ١٩٩٢ بڕیارماندا :-**

١. ئیعفا کردنی بەندکراو (**یاسین حسن أمین**) لە ماوەی حوکمی بەندکردنەکەی کە ماوەیەتی، لەلایەن دادگای جینایاتی سلێمانی حوکم دراوە لە دەعوای ژمارە (٢٤٠/ج/٢٠٠٠) وە (٢٤٣/ج/٢٠٠٠)، وە ئازاد کردنی دەست بەجێ بە مەرجێك حوکم نەدرابێ یان تەوقیف نەکرابێ لەسەر کێشەی تر.

٢. ئەنجومەنی وەزیران ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکات لە ڕۆژی دەرچوونیەوە.

٣. لە سلێمانی نووسرا لە ڕۆژی ٥/ **کانوونی دووەم/٢٠٠٢** ز بەرامبەر ١٥/**بەفرانبار/٢٧٠١**ك.

**جەلال تاڵەبانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

**هۆیەکانی پەیوەندی دار**

لەسەر داوای کۆمەڵی ئیسلامی ئەم بڕیارەمان دەرکرد.

رئاسة إقليم كوردستان

رقم القرار: (٢)

التأريخ: ٦/ كانون الثاني/٢٠٠٢

الموافق: ١٦/ بەفرانبار/٢٧٠١ ك

## قرار

**استنادا الى أحكام الفقرة (٤) من المادة (١٠) من قانون رقم (٢) لسنة ١٩٩٢، وبناءً على ما جاء بالمادة (٢) من قانون الخدمة و التقاعد لقوى الأمن الداخلي رقم (١) لسنة ١٩٧٨ قررنا مايلي :-**

١. ترقية الضباط المدونة أسماءهم في القائمة الأولى (**ملحق أ**) المرفقة إلى الرتب المؤشرة أزاء أسم كل واحد منهم، يبدأ بتسلسل (١) بأسم (**عميد رزگار علي عزيز**) و ينتهي بأسم (**ملازم دلزار خضر عمر**).

٢. على المجلس الوزراء و الوزارات المختصة تنفيذ هذا القرار من تأريخ ٦/**كانون الثاني/٢٠٠٢**.

٣. كتب هذا القرار في السليمانية بتأريخ ٦/**كانون الثاني/٢٠٠٢**م، الموافق ١٦/**بەفرانبار/٢٧٠١** ك.

**جلال طالباني**

**رئيس إقليم كردستان**

رئاسة إقليم كوردستان

رقم القرار: (٣)

التأريخ: ٦/ كانون الثاني/٢٠٠٢

الموافق: ١٦/ بەفرانبار/٢٧٠١ ك

## قرار

**استنادا الى أحكام الفقرة (٤) من المادة (١٠) من قانون رقم (٢) لسنة ١٩٩٢، وبناءً على ما جاء بالمادة (٢) من قانون الخدمة و التقاعد العسكري رقم (١) لسنة ١٩٧٥ (المعدل) قررنا مايلي :-**

١. ترقية الضباط المدونة أسماءهم في القائمة المرفقة إلى الرتب المؤشرة أزاء أسم كل واحد منهم، يبدأ بتسلسل (١) بأسم (**نقيب حسن محمود سليمان**) و ينتهي بأسم (**ملازم عمار جلال يوسف**).

٢. على المجلس الوزراء و الوزارات المختصة تنفيذ هذا القرار من تأريخ ٦/**كانون الثاني/٢٠٠٢**.

٣. كتب هذا القرار في السليمانية بتأريخ ٦/**كانون الثاني/٢٠٠٢**م، الموافق ١٦/**بەفرانبار/٢٧٠١** ك.

**جلال طالباني**

**رئيس إقليم كردستان**

رئاسة إقليم كوردستان

رقم القرار: (٤)

التأريخ: ٦/ كانون الثاني/٢٠٠٢

الموافق: ١٦/ بەفرانبار/٢٧٠١ ك

## قرار

استنادا الى أحكام الفقرة (٤) من المادة (١٠) من قانون رقم (٢) لسنة ١٩٩٢، وبناءً على ما جاء بقرار رقم (١٥٥) في ٢٩/آب/٢٠٠١ المتضمن منح الرتب الى قادة البيشمركه – قررنا مايلي:-

١. منح القادة البيشمركه المدونة أسماءهم في القائمة المرفقة إلى الرتب المؤشرة أزاء أسم كل واحد منهم، يبدأ بتسلسل (١) بأسم (**عبد الله مصلح حمد أمين**) و ينتهي بأسم (**عثمان عبد الله خدر حسن**).

٢. على المجلس الوزراء والقيادة العامة للقوات البيشمرگه تنفيذ هذا القرار اعتباراً من ٦/**كانون الثاني**/٢٠٠٢.

٣. كتب هذا القرار في السليمانية بتأريخ ٦/**كانون الثاني**/٢٠٠٢م، الموافق ١٦/**بەفرانبار**/٢٧٠١ ك.

**جلال طالباني**

**رئيس إقليم كردستان**

رئاسة إقليم كوردستان

رقم القرار: (٥)

التأريخ: ٦/ كانون الثاني/٢٠٠٢

الموافق: ١٦/ بەفرانبار/٢٧٠١ ك

## قرار

استنادا الى أحكام الفقرة (٤) من المادة (١٠) من قانون رقم (٢) لسنة ١٩٩٢، وبناءً على ما جاء بالمادة (٢) من قانون الخدمة و التقاعد العسكري رقم (١) لسنة ١٩٧٥ (المعدل) قررنا مايلي:-

١. ترقية الضباط المدونة أسماءهم في القائمة المرفقة إلى الرتب المؤشرة أزاء أسم كل واحد منهم، يبدأ بتسلسل (١) بأسم (**نقيب حمه رشيد محمد محمود**) و ينتهي بأسم (**ملازم نوزاد حمه رسول**).

٢. على المجلس الوزراء و الوزارات المختصة تنفيذ هذا القرار من تأريخ ٦/**كانون الثاني**/٢٠٠٢.

٣. كتب هذا القرار في السليمانية بتأريخ ٦/**كانون الثاني**/٢٠٠٢م، الموافق ١٦/**بەفرانبار**/٢٧٠١ ك.

**جلال طالباني**

**رئيس إقليم كردستان**

سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان

ژمارەی بڕیار : (٦)

ڕۆژ : ٨/ کانوونی دووەم/٢٠٠٢ ز

بەرامبەر : ١٨/ بەفرانبار/٢٧٠١ ك

## بڕیار

**پشت بە ئەحکامی برگەی (٤) لە مادده (١٠)ی یاسای ژمارە (٢)ی سالی ١٩٩٢ وەلەسەر پێشنیاری ئەنجومەنی وەزیران بڕیارماندا:-**

**یەکەم**:-

ئەو موڵکانەی دەوڵەت کە لە خوارەوە دەست نیشان کراون بەدەر دەکرێن (**استثناء**) لە بڕیاری ژمارە (١١٦) کە لە ٧/**تەمموز**/٢٠٠١ نووسراوە.

١. ئەو موڵکانەی مامەڵەی یاساییان لەگەڵ کراوە بەپێی هەردوو مادەی (٢١، ٢٢) لە یاسای ژمارە (٣٢) سالی ١٩٨٦.

٢. ئەو موڵکانەی بەکرێ دراون بە شێوەی مساطحە لەسەر پێشنیاری وەزارەتی پەیوەندی دار وە بڕیاری سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانیان بۆ دەرچووە.

٣. ئەو خانووە حکومیانەی کە تەملیک کراون بەپێی بڕیاری ژمارە (١٢١)ی سالی ١٩٩٨ وە بڕیارەکانی تری سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بە مەرجێك :-

أ. خانووی تەملیك کراو تایبەت نەبێ بە مەنسەبی وەزیفی.

ب. نیشتەجێی بێت بەپێی نەخشەی بنەڕەتی شارو شارۆچکەکان.

ج. بینایەکە بۆ مەبەستی فەرمانگە دروست نەکرابێ.

د. خانووەکان موڵکی ئەوقاف، زانکۆ، پەیمانگا نەبێت.

**دووەم** :-

بڕیاری ژمارە (١١٥) لە ڕۆژی ٧/**تەمموز**/٢٠٠١ نووسراوە جێبەجێ دەکرێت.

**سێیەم** :-

بڕیاری ژمارە (١٧٨) لە ڕۆژی ٢٥/**ئەیلول**/٢٠٠١ نووسراوە جێبەجێ دەکرێت.

**چوارەم** :-

وەزارەتی دارایی و ئابووری بە هاوکاری وەزارەتە پەیوەندیدارەکان ڕێنمایی پێویست دەردەکات بۆ ئاسانکاری جێبەجێ کردنی ئەم بڕیارە.

**پێنجەم** :-

ئەنجومەنی وەزیران ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکات لە ڕۆژی دەرچوونیەوە.

**شەشەم** :-

لە سلێمانی نووسرا لە ڕۆژی ٥/ **کانوونی دووەم**/ ٢٠٠٢ ز بەرامبەر ١٥/ **بەفرانبار**/٢٧٠١ ك.

**جەلال تاڵەبانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

**سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان**

**ژمارەی بڕیار : (٧)**

**ڕۆژ : ٩/ کانوونی دووەم/٢٠٠٢ ز**

**بەرامبەر : ١٩/ بەفرانبار/٢٧٠١ ك**

## بـــڕیـــار

**پشت بە ئەحکامی برگەی (٤) لە ماددە (١٠)ی یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ١٩٩٢ ،بڕیارماندا :-**

١. بەکرێدانی زەوی ژمارە (١٩٧/٣٥٥ **دەباشان**) بە مەکتەبی دارایی و ئیدارەی گشتی بۆ ماوەی (٢٥) بیست و پێنج ساڵ بە شێوەی عقدی مساطحە بەدەر لەیاسای ژمارە (٣٢)ی ساڵی ١٩٨٦ بۆ مەبەستی دروست کردنی بازار بەپێی نەخشەی پەسەندکراوی وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار.

٢. نرخی بەکرێدانی زەوی برگەی (١)ی ئەم بڕیارە لەلایەن لیژنەی خەملاندنی پەیوەندیدار دیاری دەکرێت.

٣. ئەنجومەنی وەزیران ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکات لە ڕۆژی دەرچوونیەوە.

٤. لە سلێمانی نووسرا لە ڕۆژی ٩/ **کانوونی دووەم**/ ٢٠٠٢ ز بەرامبەر ١٩/ **بەفرانبار**/٢٧٠١ك.

**جەلال تاڵەبانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

**سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان**

**ژمارەی بڕیار : (٨)**

**ڕۆژ : ٢١/ کانوونی دووەم/٢٠٠٢ ز**

**بەرامبەر : ١/ ڕێبەندان/٢٧٠١ ك**

## بـــڕیـــار

**پشت بە ئەحکامی برگەی (٤) لە ماددە (١٠)ی یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ١٩٩٢ وەلەسەر پێشنیاری ئەنجومەنی وەزیران بڕیارماندا :-**

١. زیادکردنی مووچەی بنەڕەتی (**إسمی**) مفەوەزەکان لە هێزی ئاسایشی ناوخۆ بە ڕێژەی (٥٠٪) **لەسەدا پەنجا**.

٢. زیادکردنی بڕی (١٠٠) **سەد دینار** بۆ سەر مووچەی بنەڕەتی (**إسمی**) پۆلیس تا ڕەئیس عورەفا .

٣. خەرج کردنی دەرماڵەی خێزانی و منداڵ بۆ سەرچەم ئەفسەر و مونتەسبەکانی هێزی ئاسایشی ناوخۆ بەم شێوەی خوارەوە دەبێت:-

أ. دەرماڵەی خێزانی (١٥) **پانزە دینار**.

ب. دەرماڵەی منداڵ (٥) **پێنج دینار** بۆ هەر منداڵێك.

٤. خەرج کردنی دەرماڵەی (**صنف**) بۆ ئەفسەر و مونتەسیبەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی

ڕەگەزنامـــەو بـــاری شارســـتانیەتەوە بەڕێوەبەرایەتییەکانی بەرگری شارستانی کە بڕەکەی (١٠٠) **سەد دینارە.**

٥. ئـەم بڕیـارە هێزەکـانی **(القـوة الاجرائیـة)** دەگرێتەوە کەسەر بە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەلایـەتین ڕوتبـەکانیان هاوتـای ڕوتبـەی بڕگـەی (١، ٢)ی ئـەم بڕیارەیە، زیاد دەکرێت بۆ سەر مووچەی بنەڕەتی **(إسمی)** مانگانەیان.

٦. مووچە بنەڕەتییەکانی **(إسمی)** کە لە بڕگەی (١، ٢)ی ئەم بڕیارەدا هاتووە بەپێی خشتەی هاوپێچ دەبێت.

٧. کار بە هیچ دەقێکی یاسایی ناکرێ پێچەوانەی ئەحکامی ئەم بڕیارە بێت.

٨. وەزارەتی دارایی‌و ئابووری بە هاوکاری لەگەڵ وەزارەتـە پەیوەنـدارەکان ڕێنمـایی پێویسـت دەردەکات بۆ ئاسانکاری جێبەجێ کردنی ئـەم بڕیارە.

٩. ئەنجومـەنی وەزیـران ئـەم بڕیـارە جێبـەجێ دەکات لە ڕۆژی ١/**شوبات**/٢٠٠٢.

١٠. لـە سـلێمانی نووسـرا لـە ڕۆژی ٢١/ **کـانوونی دووەم**/ ٢٠٠٢ ز بەرامبەر ١/ **ڕێبەندان/٢٧٠١ ك**

**جەلال تاڵەبانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

**خشتەی مووچەی بنەڕەتی ( إسمی ) بۆ مفەوەزەکان**

**( ژمارە/١ )**

| ژ | پلە | مووچەی بنەڕەتی ( إسمی ) مفەوەزەکان بە دینار |
|---|---|---|
| ١ | مفەوەز / ١ | ٣٩٠ |
| ٢ | مفەوەز / ٢ | ٣٧٥ |
| ٣ | مفەوەز / ٣ | ٣٦٠ |
| ٤ | مفەوەز / ٤ | ٣٤٥ |
| ٥ | مفەوەز / ٥ | ٣٣٠ |
| ٦ | مفەوەز / ٦ | ٣١٥ |
| ٧ | مفەوەز / ٧ | ٣٠٠ |
| ٨ | مفەوەز / ٨ | ٢٨٥ |

**خشتەی مووچەی بنەڕەتی ( إسمی ) بۆ پۆلیس تـا ڕەئیس عورەفا ( ژمارە/٢ )**

| ژ | پلە | مووچەی بنەڕەتی ( إسمی ) پۆلیس تـا رئیس عورەفا بە دینار |
|---|---|---|
| ١ | ر. ع | ٢٨٠ |
| ٢ | ع | ٢٧٠ |
| ٣ | ن. ع | ٢٦٠ |
| ٤ | ش / ١ | ٢٥٠ |
| ٥ | ش | ٢٤٥ |

رئاسة اقليم كوردستان

رقم القرار: ( ٩ )

التاريخ: ٢٨/كانوون الثاني/٢٠٠٢

الموافق: ٨/ريبه ندان/٢٧٠١ك

## قرار

أستنادا الى احكام الفقرة ( ٤ ) من المادة ( ١٠ ) من القانون رقم ( ٢ ) لسنة ١٩٩٢ وبناءاً على ماعرضه مجلس الوزراء قررنا مايلي :-

١. الغاء قرار استملاك القطعتين المرقمين ٢٨٥/١٧و ٢٨٦/١٧ م٨ زرگته.
٢. أعادة تسجيل القطعة المرقمة (٢٨٦/١٧ م٨) زرگته باسم مالكها السابق (د. **جمال عبد الكريم فؤاد**).
٣. افراز القطعة المرقمة ( ٢٨٥/١٧م٨ ) زرگته الى القطعتين على ان يعاد تسجيل القطعة غير الملحقة بالطريق العام باسم المذكور في الفقرة اعلاه.
٤. اعفاء القطعتين المذكورتين اعلاه من الضرائب بموجب القوانين النافذة للفترة الواقعة قبل صدور هذا القرار.
٥. على مجلس الوزراء تنفيذ هذا القرار من تاريخ صدوره.
٦. كتب هذا القرار في السليمانية **بتاريخ ٢٨/كانوون الثاني/٢٠٠٢م، الموافق** ٨/ريبه ندان/٢٧٠١ك.

**جلال طالباني**
**رئيس إقليم كردستان**

سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان

ژمارەی بڕیار : ( ١٠ )

ڕۆژ : ٢٨/ کانوونی دووەم/٢٠٠٢ ز

بەرامبەر : ٨/ ڕێبەندان/٢٧٠١ ك

## بڕیار

پشت بە ئەحکامی بڕگەی ( ٤ ) لە مادده ( ١٠ )ی یاسای ژمارە ( ٢ )ی ساڵی ١٩٩٢، لەسەر پێشنیاری ئەنجومەنی وەزیران بڕیارماندا :-

١. ئیعفا کردنی بەندکراو (**نشوان گوریل متی**) لەو ماوە حوکمەی کە بۆی دەرچووە، لەلایەن دادگای جینایاتی سلێمانی لە دەعوای ژمارە (٣٢/ج/١٩٩٨)، وە ئازاد کردنی دەست بەجێ بە مەرجێك حوکم نەدرابێ یان تەوقیف نەکرابێ لەسەر کێشەی تر.
٢. ئەنجومەنی وەزیران ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکات لە ڕۆژی دەرچوونیەوە.
٣. لە سلێمانی نووسرا لە ڕۆژی ٢٨/ **کانوونی دووەم**/ ٢٠٠١ ز بەرامبەر ٨/ **ڕێبەندان/٢٧٠١ ك**.

**جەلال تاڵەبانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان

ژمارەی بڕیار : ( ١١ )

ڕۆژ : ٢٨/ کانوونی دووەم/٢٠٠٢ ز

بەرامبەر : ٨/ ڕێبەندان/٢٧٠١ ك

## بڕیار

پشت بە ئەحکامی بڕگەی ( ٤ ) لە مادده ( ١٠ )ی یاسای ژمارە ( ٢ )ی ساڵی ١٩٩٢ بڕیارماندا :-

١. گەڕانەوەو پێدانەوەی پلەی رائد بە (**حەمە توفیق أحمد کریم**) بۆ سەر میلاکی وەزارەتی ناوخۆ/بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایش.
٢. ئەنجومەنی وەزیران ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکات لە ڕۆژی دەرچوونیەوە.

٣. لە سلێمانی نووسرا لە ڕۆژی ٢٨/ كانوونی دووەم/ ٢٠٠١ ز بەرامبەر ٨/ڕێبەندان/٢٧٠١ك.

**جەلال تاڵەبانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

**سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان**
**ژمارەی بڕیار : (١٢)**
**ڕۆژ : ٢٨/ كانوونی دووەم/٢٠٠٢ ز**
**بەرامبەر : ٨/ ڕێبەندان/٢٧٠١ ك**

## بڕیار

**پشت بە ئەحكامی بڕگەی (٤) لە مادده (١٠)ی یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ١٩٩٢، لەسەر پێشنیاری ئەنجومەنی وەزیران بڕیارماندا :-**

١. هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری تەملیك كردنی خانووی ژمارە (٤/٤٣ – **كەرتی – ٨ – ئابلاخ**) كە تۆمار كراوە بە ناوی (**عبد الحمید رضا عبد الله**).
٢. دووبارە تۆمار كردنەوەی خانووی بڕگەی (١)ی ئەم بڕیارە بە ناوی لایەنی موڵكدار كە خاوەنی بووە پێش تەملیك كردنی.
٣. ئەنجومەنی وەزیران ئەم بڕیارە جێبەجێ دەكات لە ڕۆژی دەرچوونیەوە.
٤. لە سلێمانی نووسرا لە ڕۆژی ٢٨/ كانوونی دووەم/ ٢٠٠١ ز بەرامبەر ٨/ڕێبەندان/٢٧٠١ك.

**جەلال تاڵەبانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

**رئاسة إقليم كوردستان**
**رقم القرار: (١٣)**
**التأريخ: ٢٩/ كانون الثاني/٢٠٠٢**
**الموافق: ٩/ ڕێبەندان/٢٧٠١ ك**

## قرار

**استنادا الى أحكام الفقرة (٤) من المادة (١٠) من القانون رقم (٢) لسنة ١٩٩٢، وبناءً على ما عرضه مجلس الوزراء قررنا مايلي:-**

**تعديل نظام ديوان الرقابة المالية رقم (٢١٢) لسنة ١٩٩٩**

١. تعدل الفقرة (٣/ج) من المادة (٥)من القرار رقم (٢١٢) لسنة ١٩٩٩ وتقرأ على الوجه الآتي :-
أ. دائرة نشاط الحكم المحلي و الخدمات العامة.
ب. دائرة نشاط التمويل و العلاقات الانسانية
ج. دائرة نشاط الانتاج و المنظمات .
د. دائرة نشاط الاعمار و التنمية.
٢. على مجلس الوزراء تنفيذ هذا القرار من تأريخ صدوره.
٣. كتب هذا القرار في السليمانية بتأريخ ٢٩/كانون الثاني/٢٠٠٢م، الموافق ٩/ڕێبەندان/٢٧٠١ ك.

**جلال طالباني**
**رئيس إقليم كردستان**

**سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان**
**ژمارەی بڕیار : (١٤)**
**ڕۆژ : ٣٠/ كانوونی دووەم/٢٠٠٢ ز**
**بەرامبەر : ١٠/ ڕێبەندان/٢٧٠١ ك**

## بڕیار

**پشت بە ئەحكامی بڕگەی (٣) لە مادده (١١)ی یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ١٩٩٢، لەسەر پێشنیاری ئەنجومەنی وەزیران بڕیارماندا :-**

١. ئیعفا كردنی ئەم دوو بەڕێزەی كە لە خوارەوە ناویان هاتووە لەو پۆستانەی كە بەرامبەر ناوەكانیان دیاری كراوە.
أ. (**أسماعیل رشید صابر**) **لە پۆستی بریكاری وەزارەتی كشتوكاڵ و ئاودێری**

ب. (د. مجید حمد امین جمیل) لە پۆستی بریکاری وەزارەتی تەندروستی

٤. ئەنجومەنی وەزیران ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکات لە ڕۆژی دەرچونیەوە.

٥. لە سلێمانی نووسرا لە ڕۆژی ٣٠/ کانوونی دووەم/٢٠٠٢ ز بەرامبەر ١٠/ڕێبەندان/٢٧٠١ك.

**جەلال تاڵەبانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

**سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان**

**ژمارەی بڕیار : (١٥)**

**ڕۆژ : ٣٠/ کانوونی دووەم/٢٠٠٢ ز**

**بەرامبەر : ١٠/ ڕێبەندان/٢٧٠١ ك**

## بڕیار

**پشت بە ئەحکامی بڕگەی (٣) لە مادده (١١)ی یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ١٩٩٢، لەسەر پێشنیاری ئەنجومەنی وەزیران بڕیارماندا :-**

١. دامەزراندنی بەڕێز (**صابر اسماعیل حمد**) بە بریکاری وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری.

٢. ئەنجومەنی وەزیران ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکات لە ڕۆژی دەرچونیەوە.

٣. لە سلێمانی نووسرا لە ڕۆژی ٣٠/ کانوونی دووەم/٢٠٠٢ ز بەرامبەر ١٠/ ڕێبەندان/٢٧٠١ ك.

**جەلال تاڵەبانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

**سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان**

**ژمارەی بڕیار : (١٦)**

**ڕۆژ : ٣٠/ کانوونی دووەم/٢٠٠٢ ز**

**بەرامبەر : ١٠/ ڕێبەندان/٢٧٠١ ك**

## بڕیار

**پشت بە ئەحکامی بڕگەی (٣) لە مادده (١١)ی یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ١٩٩٢، لەسەر پێشنیاری ئەنجومەنی وەزیران بڕیارماندا :-**

١. دامەزراندنی ئەم دوو بەڕێزەی کە لەخوارەوە ناویان هاتووە بە بریکاری ئەو وەزارەتانەی بەرامبەر ناوەکانیان دیاری کراوە.

أ. **(د. جنان قاسم علی) بریکاری وەزارەتی تەندروستی.**

ب. **(شنۆ لطیف شێخ محمود) بریکاری وەزارەتی ئەشغال و ئاوەدانکردنەوە.**

٢. ئەنجومەنی وەزیران ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکات لە ڕۆژی دەرچوونیەوە.

٣. لە سلێمانی نووسرا لە ڕۆژی ٣٠/ کانوونی دووەم/ ٢٠٠٢ ز بەرامبەر ١٠/ڕێبەندان/٢٧٠١ك.

**جەلال تاڵەبانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

**سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان**

**ژمارەی بڕیار : (١٧)**

**ڕۆژ : ٣٠/ کانوونی دووەم/٢٠٠٢ ز**

**بەرامبەر : ١٠/ ڕێبەندان/٢٧٠١ ك**

## بڕیار

**پشت بە ئەحکامی بڕگەی (٤) لە مادده (١٠)ی یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ١٩٩٢، لەسەر پێشنیاری ئەنجومەنی وەزیران بڕیارماندا :-**

١. تەعدیل کردنی بڕگەی (٣) لە مادده (١)ی یاسای ژمارە (٤) ساڵی ١٩٩٢ کە بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:-

**(بریکاری وەزارەت :- وەزارەتی پەروەردە دوو بریکاری**

وەزارەتی دەبێت).

٢. تەعدیل کردنی بڕگەی (٢) لە مادده (٢)ی یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ١٩٩٢ کەبەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:-

**(وەزارەت دوو بریکاری دەبێ ئەو ئەرکانە جێبەجێ دەکەن کە وەزیر پێیان دەسپێری).**

٣. ئەنجومەنی وەزیران ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکات لەڕۆژی دەرچونیەوە.

٤. لە سلێمانی نووسرا لە ڕۆژی ٣٠/**کانوونیدووەم**/٢٠٠٢ ز بەرامبەر ١٠/**ڕێبەندان**/٢٧٠١ک.

**جەلال تاڵەبانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

**سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان**

**ژمارەی بڕیار : (١٨)**

**ڕۆژ : ٣٠/ کانوونی دووەم/٢٠٠٢ ز**

**بەرامبەر : ١٠/ ڕێبەندان/٢٧٠١ ک**

## بـڕیـار

**پشت بە ئەحکامی بڕگەی (٣) لە مادده (١١)ی یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ١٩٩٢، لەسەر پێشنیاری ئەنجومەنی وەزیران بڕیارماندا :-**

١. دامەزراندنی بەڕێز ( **جەمال میرزا عزیز**) بە بریکاری وەزارەتی پەروەردە.

٢. ئەنجومەنی وەزیران ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکات لە ڕۆژی دەرچونیەوە.

٣. لە سلێمانی نووسرا لە ڕۆژی ٣٠/ **کانوونی دووەم**/ ٢٠٠٢ ز بەرامبەر ١٠/ **ڕێبەندان**/٢٧٠١ ک.

**جەلال تاڵەبانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

**سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان**

**ژمارەی بڕیار : (١٩)**

**ڕۆژ : ١٦/ شوبات/٢٠٠٢ ز**

**بەرامبەر : ٢٧/ ڕێبەندان/٢٧٠١ ک**

## بـڕیـار

**پشت بە ئەحکامی بڕگەی (٣) لە مادده (١١)ی یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ١٩٩٢، لەسەر پێشنیاری ئەنجومەنی وەزیران بڕیارماندا :-**

١. هەڵوەشاندنەوەی گۆڕانی ڕەگەزی گشت ئەو پارچە زەویانەی کە دەکەونە ناو نەخشەی بنچینەی شارو شارۆچکەکان وە ڕەگەزەکانیان لە کشتوکاڵیەوە گوردراوە بۆ (**عرصە**) بە پێچەوانەی بڕیاری ژمارە (٢٢٢)ی ساڵی ١٩٧٧ و (٨١٧)ی ساڵی ١٩٨١.

٢. ئەم بڕیارە ئەو زەوییانە دەگرێتەوە کە دوای ساڵی ١٩٧٧ ڕەگەزییان گۆڕاوە.

٣. ئەم بڕیارە ئەو زەوییانە ناگرێتە کە ڕەگەزەکانیان گۆڕدراوە و لە نەخشە دانانی ئاوەدانی نەخشەی جیاکردنەوەی بۆ کراوەو لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی تۆمارکردنی خانووبەرە تۆمار کراوە.

٤. وەزیری شارەوانیو گەشتو گوزار ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکات لە ڕۆژی دەرچوونیەوە.

٥. لە سلێمانی نووسرا لە ڕۆژی ١٦/ **شوبات**/ ٢٠٠٢ ز بەرامبەر ٢٧٠/ **ڕێبەندان**/٢٧٠١ ک.

**جەلال تاڵەبانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان

ژمارەی بڕیار : ( ٢٠ )

ڕۆژ : ١٨/ شوبات/٢٠٠٢ ز

بەرامبەر : ٢٩/ ڕێبەندان/٢٧٠١ ك

## بـــڕیـــــار

پشت بە ئەحکامی برگەی ( ٣ ) لە مادده ( ١١ )ی یاسای ژمارە ( ٢ )ی ساڵی ١٩٩٢، وە لەسەر پێشنیاری ئەنجومەنی وەزیران بڕیارماندا :-

١. دامەزراندنی بەڕێز (عبد الله أنور عبد الله) بە قائمقامی قەزای خانەقین.

٢. ئەنجومەنی وەزیران ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکات لە ڕۆژی دەرچوونیەوە.

٣. لە سلێمانی نووسرا لە ڕۆژی ١٨/ شوبات/ ٢٠٠٢ ز بەرامبەر ٢٩/ ڕێبەندان/٢٧٠١ ك.

**جەلال تاڵەبانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان

ژمارەی بڕیار : ( ٢١ )

ڕۆژ : ١٨/ شوبات/٢٠٠٢ ز

بەرامبەر : ٢٩/ ڕێبەندان/٢٧٠١ ك

## بـــڕیـــــار

پشت بە ئەحکامی برگەی ( ٣ ) لە مادده ( ١١ )ی یاسای ژمارە ( ٢ )ی ساڵی ١٩٩٢، وە لەسەر پێشنیاری ئەنجومەنی وەزیران بڕیارماندا :-

١. دامەزراندنی بەڕێز (طارق رشید علی) بە قائمقامی قەزای چەمچەماڵ.

٢. ئەنجومەنی وەزیران ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکات لە ڕۆژی دەرچوونیەوە.

٣. لە سلێمانی نووسرا لە ڕۆژی ١٨/ شوبات/ ٢٠٠٢ ز بەرامبەر ٢٩/ ڕێبەندان/٢٧٠١ ك.

**جەلال تاڵەبانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان

ژمارەی بڕیار : ( ٢٢ )

ڕۆژ : ١٨/ شوبات/٢٠٠٢ ز

بەرامبەر : ٢٩/ ڕێبەندان/٢٧٠١ ك

## بـــڕیـــــار

پشت بە ئەحکامی برگەی ( ٣ ) لە مادده ( ١١ )ی یاسای ژمارە ( ٢ )ی ساڵی ١٩٩٢، وە لەسەر پێشنیاری ئەنجومەنی وەزیران بڕیارماندا :-

١. ئیعفاکردنی بەڕێز (عبد الرحمن معروف محمد) لە پۆستی وەزیری داد.

٢. ئیعفاکردنی بەڕێز (رشدی عزیز صالح) لە پۆستی سەرۆکی دادگای تەمیزی هەرێمی کوردستان.

٣. ئەنجومەنی وەزیران ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکات لە ڕۆژی دەرچوونیەوە.

٤. لە سلێمانی نووسرا لە ڕۆژی ١٨/ شوبات/ ٢٠٠٢ ز بەرامبەر ٢٩/ ڕێبەندان/٢٧٠١ ك.

**جەلال تاڵەبانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان

ژمارەی بڕیار : ( ٢٣ )

ڕۆژ : ١٨/ شوبات/٢٠٠٢ ز

بەرامبەر : ٢٩/ ڕێبەندان/٢٧٠١ ك

## بـــڕیـــــار

پشت بە ئەحکامی برگەی ( ٣ ) لە مادده ( ١١ )ی یاسای ژمارە ( ٢ )ی ساڵی ١٩٩٢، وە لەسەر پێشنیاری ئەنجومەنی وەزیران بڕیارماندا :-

١. دامەزراندنی بەڕێز (رشدی عزیز صالح) بە وەزیری داد.

٢. ئەنجومەنی وەزیران ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکات لە ڕۆژی دەرچوونیەوە.

٣. لە سلێمانی نووسرا لە ڕۆژی ١٨/ شوبات/ ٢٠٠٢ ز بەرامبەر ٢٩/ ڕێبەندان/٢٧٠١ ك.

**جەلال تاڵەبانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان

ژمارەی بڕیار : (٢٤)

ڕۆژ : ١٨/ شوبات/٢٠٠٢ ز

بەرامبەر : ٢٩/ ڕێبەندان/٢٧٠١ ك

**بــڕیـــار**

**پشت بە ئەحکامی برگەی (٣) لە مادده (١١)ی یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ١٩٩٢، وە لەسەر پێشنیاری ئەنجومەنی وەزیران بڕیارماندا :-**

١. دامەزراندنی بەڕێز (**لطيف طه محمود**) بە سەرۆکی دادگای تەمیزی هەرێمی کوردستان.

٢. ئەنجومەنی وەزیران ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکات لە ڕۆژی دەرچوونیەوە.

٣. لە سلێمانی نووسرا لە ڕۆژی ١٨/ **شوبات**/ ٢٠٠٢ ز بەرامبەر ٢٩/ **ڕێبەندان**/٢٧٠١ ك.

**جەلال تاڵەبانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان

ژمارەی بڕیار : (٢٥)

ڕۆژ : ١٨/ شوبات/٢٠٠٢ ز

بەرامبەر : ٢٩/ ڕێبەندان/٢٧٠١ ك

**بــڕیـــار**

**پشت بە ئەحکامی برگەی (٣) لە مادده (١١)ی یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ١٩٩٢ وە برگەی (٢/أ) لە مادده (٢)ی بڕیاری ژمارە (٢٧٠) لە بەرواری ٢٠/تشرینی یەکەم/١٩٩٩، وە لەسەر پێشنیاری ئەنجومەنی وەزیران بڕیارماندا :-**

١. دامەزراندنی بەڕێز (**د. فؤاد مجيد فرج**) بە ئەندامی متفرغ لە ئەنجومەنی پلان دانان بە پلەی تایبەت.

٢. مووچەو دەرماڵەی لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران بۆی دیاری دەکرێت.

٣. ئەنجومەنی وەزیران ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکات لە ڕۆژی دەرچوونیەوە.

٤. لە سلێمانی نووسرا لە ڕۆژی ١٨/ **شوبات**/ ٢٠٠٢ ز بەرامبەر ٢٩/ **ڕێبەندان**/٢٧٠١ ك.

**جەلال تاڵەبانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان

ژمارەی بڕیار : (٢٦)

ڕۆژ : ١٨/ شوبات/٢٠٠٢ ز

بەرامبەر : ٢٩/ ڕێبەندان/٢٧٠١ ك

**بــڕیـــار**

**پشت بە ئەحکامی برگەی (٤) لە مادده (١٠)ی یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ١٩٩٢، وە لەسەر پێشنیاری ئەنجومەنی وەزیران بڕیارماندا :-**

١. بەخشینی هاووڵاتی (**فارس عزيز محمود**) لە مەبلەغی (٤٧٠٠٠) **چل و حەوت هەزار دینار** قەرزی وەزارەتی شارەوانیو گەشتو گوزار کە لە ئەنجامی بەکرێ گرتنی (**عەلوەی شارەزوور**) کەوتۆتە سەری.

٢. ئەنجومەنی وەزیران ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکات لە ڕۆژی دەرچوونیەوە.

٣. لە سلێمانی نووسرا لە ڕۆژی ١٨/ **شوبات**/ ٢٠٠٢ ز بەرامبەر ٢٩/ **ڕێبەندان**/٢٧٠١ ك.

**جەلال تاڵەبانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان

ژمارەی بڕیار : (٢٧)

ڕۆژ : ١٨/ شوبات/٢٠٠٢ ز

بەرامبەر : ٢٩/ ڕێبەندان/٢٧٠١ ك

**بـــڕيـــــار**

پشت بە ئەحکامی بڕگەی (٤) لە مادده (١٠)ی یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ١٩٩٢، وە مادده (٢) ی یاسای (خزمەت و خانەنشینی هێزەکانی ئاسایش و ناوخۆ) ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٧٨ بڕیارماندا :-

١. هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری ژمارە (١١٥)ی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان لە ٩/تشرینی یەکەم/٢٠٠٠ دەربارەی ملازمی یەکی پۆلیس (ئاری معروف حسین).
٢. پلەی ئەفسەرێکەی بۆ دەگەڕێتەوە بە پلەی ملازمی یەکی پۆلیس.
٣. ئەنجومەنی وەزیران ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکات لە ڕۆژی دەرچوونیەوە.
٤. لە سلێمانی نووسرا لە ڕۆژی ١٨/ شوبات/ ٢٠٠٢ ز بەرامبەر ٢٩/ ڕێبەندان/٢٧٠١ ك.

**جەلال تاڵەبانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان

ژمارەی بڕیار : (٢٨)

ڕۆژ : ١٩/ شوبات/٢٠٠٢ ز

بەرامبەر : ٣٠/ ڕێبەندان/٢٧٠١ ك

**بـــڕيـــــار**

پشت بە ئەحکامی بڕگەی (٤) لە مادده (١٠)ی یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ١٩٩٢ بڕیارماندا :-

١. ئیعفا کردنی بەندکراو (سەرمەند صابر رشید) لە ماوەی حوکمی بەندکردنەکەی کە ماویەتی، لەلایەن دادگای جینایاتی سلێمانی حوکم دراوە لە دەعوای ژمارە (٣٥٨/ج/١٩٩٨)، وە ئازاد کردنی دەست بەجێ بە مەرجێك حوکم نەدرابێ یان تەوقیف نەکرابێ لەسەر کێشەی تر.
٢. ئەنجومەنی وەزیران ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکات لە ڕۆژی دەرچوونیەوە.
٣. لە سلێمانی نووسرا لە ڕۆژی ١٩/ شوبات/ ٢٠٠٢ ز بەرامبەر ٣٠/ ڕێبەندان/٢٧٠١ ك.

**جەلال تاڵەبانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان

ژمارەی بڕیار : (٢٩)

ڕۆژ : ١٩/ شوبات/٢٠٠٢ ز

بەرامبەر : ٣٠/ ڕێبەندان/٢٧٠١ ك

**بـــڕيـــــار**

پشت بە ئەحکامی بڕگەی (٤) لە مادده (١٠)ی یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ١٩٩٢ بڕیارماندا :-

١. ئیعفا کردنی بەندکراو (سامان سیروان محمد) لە ماوەی حوکمی بەندکردنەکەی کە ماویەتی، لەلایەن دادگای جینایاتی سلێمانی حوکم دراوە لە دەعوای ژمارە (٢٤٠/إحالة/٢٠٠٠)، وە ئازاد کردنی دەست بەجێ بە مەرجێك حوکم نەدرابێ یان تەوقیف نەکرابێ لەسەر کێشەی تر.
٢. ئەنجومەنی وەزیران ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکات لە ڕۆژی دەرچوونیەوە.
٣. لە سلێمانی نووسرا لە ڕۆژی ١٩/ شوبات/ ٢٠٠٢ ز بەرامبەر ٣٠/ ڕێبەندان/٢٧٠١ ك.

**جەلال تاڵەبانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان

ژمارەی بڕیار : (٣٠)

ڕۆژ : ١٩/ شوبات/٢٠٠٢ ز

بەرامبەر : ٣٠/ ڕێبەندان/٢٧٠١ ک

**بـــڕیـــــار**

**پشت بە ئەحکامی برگەی (٤) لە مادده (١٠)ی یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ١٩٩٢، وەلەسەر پێشنیاری ئەنجومەنی وەزیران بڕیارماندا :-**

١. هەلگرتنی هێمای (**عدم التصرف**) لەسەر خانووی ژمارە (٥٤٦/٩١) کە بە ناوی (**عبد الله عبدالکریم محمد**) تۆمار کراوە بەپێی بڕیاری (١٢١)ی ساڵی ١٩٩٨.

٢. ئەنجومەنی وەزیران ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکات لە ڕۆژی دەرچوونیەوە.

٣. لە سلێمانی نووسرا لە ڕۆژی ١٩/ **شوبات**/ ٢٠٠٢ ز بەرامبەر ٣٠/ **ڕێبەندان**/٢٧٠١ ک.

**جەلال تاڵەبانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان

ژمارەی بڕیار : (٣١)

ڕۆژ : ١٩/ شوبات/٢٠٠٢ ز

بەرامبەر : ٣٠/ ڕێبەندان/٢٧٠١ ک

**بـــڕیـــــار**

**پشت بە ئەحکامی برگەی (٤) لە مادده (١٠)ی یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ١٩٩٢، وەلەسەر پێشنیاری ئەنجومەنی وەزیران بڕیارماندا :-**

١. دانانی هێمای (**عدم التصرف**) بۆ ماوەی (٢) دوو ساڵ لەسەر ئەو خانووانەی بە زیادە ڕۆیی (**تجاوز**) تەملیک کراون یان تەملیک دەکرێن بەپێی هەردوو بڕیاری تەملیك ژمارە (٢٤١)ی ساڵی ١٩٩٩ و (١٢٥)ی ساڵی ٢٠٠٠.

٢. ئەنجومەنی وەزیران ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکات لە ڕۆژی دەرچوونیەوە.

٣. لە سلێمانی نووسرا لە ڕۆژی ١٩/ **شوبات**/ ٢٠٠٢ ز بەرامبەر ٣٠/ **ڕێبەندان**/٢٧٠١ ک.

**جەلال تاڵەبانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان

ژمارەی بڕیار : (٣٢)

ڕۆژ : ٢/ ئـازار/٢٠٠٢ ز

بەرامبەر : ١١/ ڕەشەمێ /٢٧٠١ ک

**بـــڕیـــــار**

**پشت بە ئەحکامی برگەی (٤) لە مادده (١٠)ی یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ١٩٩٢، وەلەسەر پێشنیاری ئەنجومەنی وەزیران بڕیارماندا :-**

١. خەرج کردنی مووچەیەکی بڕاوە (**مقطوع**) بۆ وارسی شەرعی قوربانیانی تاوانی ئەنفال و کیمیاباران بە بڕی (٢٠٠) **دوو سەد دینار مانگانە.**

٢. ئەم مووچەیە لەسەر بنەمای (**خێزان**) لە ساڵی ئەنفال کردن ساڵی (١٩٨٨) دا خەرج دەکرێت لەبەر ڕۆشنایی ئەو ئامارەی کە وەزارەتی مافی مرۆڤ و ئاوارەو ئەنفال لە ساڵی (٢٠٠١) دا ئەنجامی داوە.

٣. مووچەی ئاماژە پێدراو لە برگەی (١)ی سەرەوە تەنها بۆ (١) یەك کەس لە خێزانێکدا خەرج دەکرێ بەدەر لە ژمارەی ئەنفالکراوەکان لەو خێزانەدا.

٤. هەر خێزانێك کە ئەم بڕیارە دەیگرێتەوەو مووچەی حکومی تری هەبێت، ئەوە سەربەستە لە نێوان ئەو مووچانەدا یەکێکیان هەڵبژێرێت.

٥. هەر مووچەیەکی خانەنشینی وارسی ئەنفالکراو کە کەمتر بێ لەو بڕەی لە برگەی (١)ی سەرەوەدا هاتووە وە خەرج دەکرێ بەپێی فەرمانی (**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**) ژمارە (١٥١) لە ٢٥/**شوبات**/١٩٩٩ وە بڕیاری (**سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان**) ژمارە (٣٩) لە

١٩/شوبات/٢٠٠٠ ئەو مووچەیە دەگوردرێ بۆ ئەو برەی لەم برپارەدا هاتووە.

٦. خەرج کردنی ئەم مووچەیە بۆ وارسی شەرعی بەپێی ماددەکانی (٥، ٦، ٧) لە بریاری ژمارە (١٨٦)ی ساڵی (١٩٩٩) دا دەبێ.

٧. ئەم بریارە تەنها ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە لە وەزارەتی مافی مرۆڤو ئاوارەو ئەنفال ناویان تۆمار کراوە.

٨. ئەو کەسانەی دەسگیر کرابوون لە تاوانی **(ئەنفال)** پاشان ئازاد کراون تووشی نەخۆشی بوون لە دەرئەنجامی ئەو دەستگیر کردنەو توانای کار کردنیان نەماوە ئەم بریارە دەیانگرێتەوە، بە مەرجێك مووچەی تری نەبێو پشتگیری بکرێ لەلایەن لیژنەی پسپۆر لە وەزارەتی تەندروستی.

٩. وەزارەتی داراییو ئابووری بە هاوکاری لەگەڵ وەزارەتی مافی مرۆڤو ئاوارەو ئەنفالو دەزگای شەهیدانی شۆرشی گەلی کوردستان رێنمایی پێویست دەردەکەن بۆ جێبەجێ کردنی ئەم بریارە.

١٠. ئەم بریارە لە ١/**نیسان**/٢٠٠٢ جێبەجێ دەکرێت.

١١. ئەنجومەنی وەزیران ئەم بریارە جێبەجێ دەکات.

١٢. لە سلێمانی نووسرا لە رۆژی ٢/ **ئازار**/ ٢٠٠٢ ز بەرامبەر ١١/ **رەشەمێ** /٢٧٠١ ك.

**جەلال تاڵەبانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

**سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان**

**ژمارەی بڕیار : (٣٣)**

**رۆژ : ٢/ ئازار/٢٠٠٢ ز**

**بەرامبەر : ١١/ رەشەمێ /٢٧٠١ ك**

## بڕیار

**پشت بە ئەحکامی برگەی (٤) لە ماددە (١٠)ی یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ١٩٩٢، وەلەسەر پێشنیاری ئەنجومەنی وەزیران بڕیارماندا :-**

١. برینەوەی مووچەی خانەنشینی مانگانە (٣٠٠) **سێ سەد دینار** بۆ وەرەسەی شەرعی ئەو فەرمانبەرانەی کەلە کیمیابارانی هەڵەبجەی شەهید لە ساڵی ١٩٨٨ شەهید بوون وە ژمارەیان (٢٩٨) **دوو سەدو نەوەدو هەشت شەهیدە** ناوەکانیان لە ژمارە (١) بە ناوی **(ئافتاو رشید محمد)** دەست پێ دەکات و بەناوی **(یاسین کریم حەمە أمین)** کۆتایی دێت بەدەر لە یاسای خانەنشینی پەیرەوکراو.

٢. ئەم بریارە لە رۆژی دەرچونیەوە جێبەجێ دەکرێت.

٣. ئەنجومەنی وەزیران ئەم بریارە جێبەجێ دەکات.

٤. لە سلێمانی نووسرا لە رۆژی ٢/ **ئازار**/ ٢٠٠٢ ز بەرامبەر ١١/ **رەشەمێ**/٢٧٠١ ك.

**جەلال تاڵەبانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان

ژمارەی بڕیار : ( ٣٤ )

ڕۆژ : ٢/ ئـازار/٢٠٠٢ ز

بەرامبەر : ١١/ ڕەشەمێ /٢٧٠١ ك

## بـڕیـــار

**پشت بە ئەحکامی برگەی ( ٤ ) لە مادده ( ١٠ )ی یاسای ژمارە ( ٢ )ی ساڵی ١٩٩٢، وەلەسەر پێشنیاری ئەنجومەنی وەزیران بڕیارماندا :-**

١. زەوی ژمارە (٩٧/١٦٩ کەرتی ٨ ئـابلاخ) کە ڕووبەرەکەی (٢) **دوو دۆنم** و (١٥) **پانزە أولك** مولکی شارەوانی سلێمانیە ئەدرێت بە **(کۆمپانیای قوباد)** بە **(مساطحة)** بەدەر لە یاسای **(بيع و إيجار أموال الدولة)** ژمارە (٣٢)ی ساڵی ١٩٨٦ بۆ ماوەی (٢٠) **بیست ساڵ** وە نرخی ساڵانەی لەلایەن وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار دیاری دەکرێت.
٢. ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچونیەوە جێبەجێ دەکرێت.
٣. ئەنجومەنی وەزیران ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکات.
٤. لە سلێمانی نووسرا لە ڕۆژی ٢/ ئـازار/ ٢٠٠٢ ز بەرامبەر ١١/ ڕەشەمێ/٢٧٠١ ك.

**جەلال تاڵەبانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان

ژمارەی بڕیار : ( ٣٥ )

ڕۆژ : ٢/ ئـازار/٢٠٠٢ ز

بەرامبەر : ١١/ ڕەشەمێ /٢٧٠١ ك

## بـڕیـــار

**پشت بە ئەحکامی برگەی ( ٤ ) لە مادده ( ١٠ )ی یاسای ژمارە ( ٢ )ی ساڵی ١٩٩٢، وەلەسەر پێشنیاری ئەنجومەنی وەزیران بڕیارماندا :-**

١. خانووی ژمارە (١٩٤/٢٧٢) تەملیك بکرێت بە ناوی **(ئەرسەلان بایز إسماعیل)**.
٢. خانووی ژمارە (١٩٣/٢٧٢) تەملیك بکرێت بە ناوی **(ژیان محمد علی)**.
٣. ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچونیەوە جێبەجێ دەکرێت.
٤. ئەنجومەنی وەزیران ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکات.
٥. لە سلێمانی نووسرا لە ڕۆژی ٢/ ئـازار/ ٢٠٠٢ ز بەرامبەر ١١/ ڕەشەمێ/٢٧٠١ ك.

**جەلال تاڵەبانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان

ژمارەی بڕیار : ( ٣٦ )

ڕۆژ : ٢/ ئـازار/٢٠٠٢ ز

بەرامبەر : ١١/ ڕەشەمێ /٢٧٠١ ك

## بـڕیـــار

**پشت بە ئەحکامی برگەی ( ٤ ) لە مادده ( ١٠ )ی یاسای ژمارە ( ٢ )ی ساڵی ١٩٩٢، وەلەسەر پێشنیاری ئەنجومەنی وەزیران بڕیارماندا :-**

١. ڕاگرتنی هەموو ئیجرائاتێکی یاسایی بەرامبەر تاوانبار کراو **(صالح سعيد شريف)** لە هەردوو دەعوای ژمارە ٣٠٩/ ٩٩٩و ٩٩٩/٣٤٧ لە بنکەی پۆلیسی چەمچەماڵ وە داخستنی کێشەکەی بە یەکجارەکی.

٢. ئیعفاکردنی لە تاوانی هەڵاتن لە بەندیخانە کە پەیوەندی بە کێشەی برگەی (١)ەوە هەیە.

٣. هەلگرتنی هێمای دەستبەسەراگرتنی ماڵو موڵکی ناوبراو (**رفع الحجز عن اموالە المنقولة و غير المنقولة**) لەسەر کێشەی برگەی (١) بە مەرجێك هیچ کێشەیەکی تری لەسەر نەبێت.

٤. ئەم بریارە لە ڕۆژی دەرچونیەوە جێبەجێ دەکرێت .

٥. ئەنجومەنی وەزیران ئەم بریارە جێبەجێ دەکات.

٦. لە سلێمانی نووسرا لە ڕۆژی ٢/ ئازار/ ٢٠٠٢ ز بەرامبەر ١١/ ڕەشەمێ/٢٧٠١ ك.

**جەلال تاڵەبانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

**سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان**

**ژمارەی بڕیار : ( ٣٧ )**

**ڕۆژ : ٢/ ئازار/ ٢٠٠٢ ز**

**بەرامبەر : ١١/ ڕەشەمێ /٢٧٠١ ك**

## بڕیار

**پشت بە ئەحکامی برگەی (٤) لە مادده (١٠)ی یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ١٩٩٢ وە لەسەر پێشنیاری ئەنجومەنی وەزیران بڕیارماندا :-**

١. ئیعفا کردنی بەندکراو (**کارزان عبد الله فرج** ) لە ماوەی حوکمی بەندکردنەکەی کە ماویەتی، لەلایەن دادگای جینایاتی سلێمانی حوکم دراوە لە دەعوای ژمارە (٢٠٨/ج/١٩٩٩)، وە ئازاد کردنی دەست بەجێ بە مەرجێك حوکم نەدرابێ یان تەوقیف نەکرابێ لەسەر کێشەی تر.

٢. ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچونیەوە جێبەجێ دەکرێت.

٣. ئەنجومەنی وەزیران ئەم بریارە جێبەجێ دەکات.

٤. لە سلێمانی نووسرا لە ڕۆژی ٢/ ئازار/ ٢٠٠٢ ز بەرامبەر ١١/ ڕەشەمێ /٢٧٠١ ك.

**جەلال تاڵەبانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

**سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان**

**ژمارەی بڕیار : ( ٣٨ )**

**ڕۆژ : ٢/ ئازار/٢٠٠٢ ز**

**بەرامبەر : ١١/ ڕەشەمێ /٢٧٠١ ك**

## بڕیار

**پشت بە ئەحکامی برگەی (٤) لە مادده (١٠)ی یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ١٩٩٢ وە لەسەر پێشنیاری ئەنجومەنی وەزیران بڕیارماندا :-**

١. هەلگرتنی هێمای (**حجز**) لەسەر پارچە زەوی ژمارە (٣١/٧٥) کە بە ناوی خوالێخۆش بوو (**نوری وەشتی محمد أمين**) تۆمار کراوە.

٢. ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێت.

٣. ئەنجومەنی وەزیران ئەم بریارە جێبەجێ دەکات .

٤. لە سلێمانی نووسرا لە ڕۆژی ٢/ ئازار/ ٢٠٠٢ ز بەرامبەر ١١/ ڕەشەمێ /٢٧٠١ ك.

**جەلال تاڵەبانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان

ژمارەی بڕیار : ( ٣٩ )

ڕۆژ : ٢/ ئــازار/ ٢٠٠٢ ز

بەرامبەر : ١١/ ڕەشەمێ/ ٢٧٠١ ك

## بــڕیــــــار

**پشت بە ئەحکامی بڕگەی ( ٤ ) لە مادده ( ١٠ )ی یاسای ژمارە ( ٢ )ی ساڵی ١٩٩٢ وە لەسەر پێشنیاری ئەنجومەنی وەزیران بڕیارماندا :-**

**یەکەم** : بڕینەوەی مووچەی خانەنشینی بۆ وەرەسەی یاسایی ئەو فەرمانبەرانەی کە گیانیان لەدەست دەدەن لە کاتی ئەنجامدانی کاری وەزیفی و ئەو فەرمانبەرانەی لە دەرئەنجامی کاری وەزیفی تووشی نەخۆشی (عجز) دەبن بەپێی ڕاپۆرتی لیژنەی پزیشکی پەسەندکراو لەلایەن وەزارەتی تەندروستی بەم شێوەیەی لای خوارەوە :-

١١. کۆی ئەو بڕە پارەیەی وەری دەگرت لە (**مووچە، دەرماڵە، أجور**) لە ماوەی یەك ساڵ پێش گیان لە دەستدانی لەکاتی ئەنجامدانی کاری وەزیفی کۆدەکرێتەوەو دابەشی (١٢) **مانگ** دەکرێت دەر ئەنجامەکەی دەبێتە مووچەی خانەنشینی بۆ خێزانەکەی کە شایستەن وەری بگرن بەپێی یاسا.

١٢. کۆی ئەو بڕە پارەیەی وەری دەگرت لە (**مووچە، دەرماڵە، أجور**) لە ماوەی یەك ساڵدا پێش ئەوەی تووشی کەم ئەندامو (**عجز**) بێت لە دەرئەنجامی ئەنجامدانی کاری وەزیفی ئەو بڕە پارەیە کۆدەکرێتەوە دابەش دەکرێت لەسەر (١٢) **مانگ** وە دەرئەنجامەکەی دەبێتە مووچەی خانەنشینی بە مەرجێك لیژنەی پزیشکی پشتگیری ئەوە بکات کە توانای کارکردنی نەماوە وە پلەی (**عجز**) لە (٦٠٪)ەوە ڕاپۆرتی لیژنەی پزیشکی پەسەند بکرێ لەلایەن وەزارەتی تەندروستییەوە.

١٣. فەرمانگەی فەرمانبەری ئاماژەپێکراو لە بڕگەی (١، ٢)ی سەرەوە لێکۆڵینەوە ئەنجام دەدات سەبارەت بە چۆنیەتی ڕوودانی ڕووداوەکە.

**دووەم** : ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێت.

**سێیەم** : ئەنجومەنی وەزیران ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکات.

**چوارەم** : لە سلێمانی نووسرا لە ڕۆژی ٢/ ئــازار/ ٢٠٠٢ ز بەرامبەر ١١/ ڕەشەمێ/ ٢٧٠١ ك.

**جەلال تاڵەبانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

رئاسة إقليم كوردستان

رقم القرار: ( ٤٠ )

التأريخ: ٣/ آذار/٢٠٠٢

الموافق: ١٢/ ڕەشەمێ/ ٢٧٠١ ك

## قـــرار

**استنادا الى أحكام الفقرة ( ٤ ) من المادة ( ١٠ ) من قانون رقم ( ٢ ) لسنة ١٩٩٢، وبناءً على ما جاء بالمادة ( ٢ ) من قانون الخدمة و التقاعد لقوى الأمن الداخلي رقم ( ١ ) لسنة ١٩٧٨ قررنا مايلي :-**

١. ترقية الضباط المدونة أسماءهم في القائمة الأولى (**ملحق أ**) المرفقة إلى الرتب المؤشرة أزاء أسم كل واحد منهم، يبدأ بتسلسل (١) بأسم (عميد سعيد محمد سعيد) و ينتهي بتسلسل (٧٤) بأسم (**نقيب حميد كاكە حمە كريم**) أعتباراً من ٦/**كانون ثاني**/٢٠٠٢.

٢. على المجلس الوزراء و الوزارات المختصة تنفيذ هذا القرار من تأريخ ٦/**كانون الثاني**/٢٠٠٢.

٣. كتب هذا القرار في السليمانية بتأريخ ٣/آذار/٢٠٠٢م، الموافق ١٢/ڕەشەمێ/ ٢٧٠١ ك.

**جلال طالباني**

**رئيس إقليم كردستان**

سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان
ژمارەی بڕیار : (٤١)
ڕۆژ : ٢٥/ ئـازار/ ٢٠٠٢ ز
بەرامبەر : ٥/ نەورۆز/ ٢٧٠٢ ك

## بــڕیــار

**پشت بە ئەحکامی بڕگەی (٤) لە مادده (١٠)ی یاسای ژماره (٢) وه مادده (٣)ی یاسای ژماره (٩)ی ساڵی ١٩٩٢ وه لەسەر پێشنیاری ئەنجومەنی وەزیران بڕیارماندا :-**

١. مەدالیای شەرەف پێشکەش بە وەرەسەی شەرعی ئەو پێشمەرگە دێرینانە بکەین کە لە ساڵی (١٩٧٦)ەوە بەشداریان لە شۆڕشی نوێ گەلی کوردستاندا کردوە و دواتر شەهیدبوون.
٢. مووچەی (٥٠٠٠) **پێنج هەزار دینار** مانگانە تەرخان بکرێت بۆ وەرەسەی شەرعی ئەو پێشمەرگە شەهیدانەی کە لە ساڵی (١٩٧٦)ەوە بەشداریان لە شۆڕشی نوێ گەلی کوردستاندا کردوە و دواتر شەهیدبوون.
٣. شکۆنامەی ڕێزلێنانی تایبەتی ئاراستەی وەرەسەی شەرعی ئەو پێشمەرگە شەهیدانە بکەین کە لە ساڵی (١٩٧٦)ەوە بەشداریان لە شۆڕشی نوێ گەلی کوردستاندا کردوە و دواتر شەهیدبوون.
٤. ئەنجومەنی وەزیران ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکات لە ڕۆژی دەرچوونیەوە.
٥. لە سلێمانی نووسرا لە ڕۆژی ٢٥/ ئـازار/ ٢٠٠٢ ز بەرامبەر ٥/ نەورۆز/ ٢٧٠٢ ك.

**جەلال تاڵەبانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

### هۆیەکانی پەیوەندی دار

بۆ جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی کۆنگرەی دووهەمی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەربارەی شۆڕشی نوێی گەلی کوردستان لە ساڵی ١٩٧٦ کە لە بارودۆخێکی دژوارو ناسكو ناڵەباردا دوای هەرسهێنانی شۆڕشی ئەیلول ئەم پۆلە قارەمانەی میللەتەکەمان دریان بەشەوە زەنگی تاریکی داو بڵێسەی شۆڕشیان هەڵگیرساندنەوەو دواتر شەهیدبوون بۆیە ئەم بڕیارەمان دەرکرد.

رئاسة إقليم كوردستان
رقم القرار: (٤٢)
التأريخ: ٢٧/ آذار/ ٢٠٠٢
الموافق: ٧/ نەورۆز/ ٢٧٠٢ ك

## قــرار

**استنادا الى أحكام الفقرة (٤) من المادة (١٠) من قانون رقم (٢) لسنة ١٩٩٢، وبناءً على ما جاء بالمادة (٢) من قانون الخدمة و التقاعد العسكري رقم (١) لسنة ١٩٧٥ (المعدل) قررنا مايلي :-**

١. ترقية الضباط المدونة أسماءهم في القائمة المرفقة إلى الرتب المؤشرة أزاء أسم كل واحد منهم، تبدأ بتسلسل (١) بأسم (**عميد جمال سليمان محمد**) و تنتهي بتسلسل (٢٢) بأسم (**الملازم هێمن كمال نوري**).
٢. على مجلس الوزراء تنفيذ هذا القرار.
٣. ينفذ هذا القرار من تأريخ صدوره.
٤. كتب هذا القرار في السليمانية بتأريخ ٢٧/آذار/٢٠٠٢م، الموافق ٧/ نەورۆز/٢٧٠٢ ك.

**جلال طالباني**
**رئيس إقليم كردستان**

سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان
ژمارەی بڕیار : (٤٣)
ڕۆژ : ٣١/ ئـازار/ ٢٠٠٢ ز
بەرامبەر : ١١/ نەورۆز/ ٢٧٠٢ ك

## بــڕیــار

**پشت بە ئەحکامی بڕگەی (٤) لە مادده (١٠)ی یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ١٩٩٢، بڕیارماندا :-**

١. بە کرێدانی ئەو پارچە زەویانەی لە بڕگە (٢)ی ئەم بڕیارە دیاریکراوە بدرێت بە ئیدارەی گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆ دروست کردنی دوکانو بازاڕو مخزنو نەخۆشخانەیەکی

تایبەتی بە پێی نەخشەی پەسەندکراوی وەزارەتی شارەوانیو گەشتو گوزار.

٢. ژمارەی زەویەکان (٩٧/١٧٨، ٩٧/١٧٧، ٩٧/١٨٦، ٩٧/١٨٧، ٩٧/١٩٥، ٩٧/١٩٦، ٩٧/٢٠٤، ٩٧/٢٠٥، ٩٧/٢١٣، ٩٧/٢١٤) تێکرا ٤٧٨٧,٢٠ م٢

٣. نرخی بەکرێدانی زەوی برگە (١)ی ئەم بڕیارە لەلایەن لیژنەی خەمڵاندنی پەیوەندیدار دیاری دەکرێت.

٤. ئەنجومەنی وەزیران ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکات لە ڕۆژی دەرچوونیەوە.

٥. لە سلێمانی نووسرا لە ڕۆژی ٣١/ ئازار/ ٢٠٠٢ ز بەرامبەر ١١/ نەورۆز /٢٧٠٢ ك.

**جەلال تاڵەبانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

**سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان**

**ژمارەی بڕیار : (٤٤)**

**ڕۆژ : ٣١/ ئازار /٢٠٠٢ ز**

**بەرامبەر : ١١/ نەورۆز /٢٧٠٢ ك**

## بڕیار

**پشت بە ئەحکامی برگەی (٤) لە ماددە (١٠)ی یاسای ژمارە (٢) ی ساڵی ١٩٩٢، بڕیارماندا :-**

١. بە کرێدانی زەوی ژمارە (٩/١٩٧ **مەڵکەندی دەباشان**) بە شێوەی (**مساطحة**) بە مەکتەبی دارایی و ئیدارەی گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆ ئەنجامدانی بازاڕێکی هاوچەرخ بەپێی نەخشەی پەسەندکراوی وەزارەتی شارەوانیو گەشتو گوزار.

٢. نرخی بەکرێدانی زەوی برگە (١)ی ئەم بڕیارە لەلایەن لیژنەی خەمڵاندنی پەیوەندیدار دیاری دەکرێت.

٣. ئەنجومەنی وەزیران ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکات لە ڕۆژی دەرچوونیەوە.

٤. لە سلێمانی نووسرا لە ڕۆژی ٣١/ ئازار/ ٢٠٠٢ ز بەرامبەر ١١/ نەورۆز /٢٧٠٢ ك.

**جەلال تاڵەبانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

**رئاسة إقليم كوردستان**

**رقم القرار: (٤٥)**

**التأريخ: ٨/ نيسان/٢٠٠٢م**

**الموافق: ١٩/ نەورۆز /٢٧٠٢ ك**

## قرار

**استنادا الى أحكام الفقرة (٤) من المادة (١٠) من قانون رقم (٢) لسنة ١٩٩٢، وبناءً على ما جاء بالمادة (٢) من قانون الخدمة و التقاعد العسكري رقم (١) لسنة ١٩٧٥ (المعدل) قررنا مايلي:-**

١. إعادة الضابط المتقاعد (**منصور عبد الكريم الحفيد**) الى الخدمة برتبة لواء بالنظر لأشتراكه في الثورة التحررية الكوردستانية بدون أنقطاع.

٢. ينتدب الى وزارة الداخلية و يعين بمنصب قائمقام إستناداً الى المادة (٨٥) من قانون أعلاه.

٣. على مجلس الوزراء تنفيذ هذا القرار.

٤. ينفذ هذا القرار من تأريخ صدوره.

٥. كتب هذا القرار في السليمانية بتأريخ **٨/نيسان/٢٠٠٢م، الموافق ١٩/ نەورۆز/٢٧٠٢ ك.**

**جلال طالباني**

**رئيس إقليم كردستان**

**سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان**

**ژمارەی بڕیار : (٤٦)**

**ڕۆژ : ٨/ نیسان /٢٠٠٢ ز**

**بەرامبەر : ١٩/ نەورۆز /٢٧٠٢ ك**

## بڕیار

**پشت بە ئەحکامی برگەی (٤) لە ماددە (١٠)ی یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ١٩٩٢، وە یاسای (خزمەتو خانەنشینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ) ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٧٨ بڕیارماندا :-**

١. زیاد کردنی مووچەی بنەڕەتی ئەفسەرانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ بە ڕێژەی (١٠٠٪)

لەسەدا سەد بەم شێوەیەی لای خوارەوە دیاری دەکرێت.

٢. ئەنجومەنی وەزیران ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکات لە ڕۆژی دەرچوونیەوە.

٣. لە سلێمانی نووسرا لە ڕۆژی ٨/ نیسان/ ٢٠٠٢ ز بەرامبەر ١٩/ نەورۆز /٢٧٠٢ ك.

**جەلال تاڵەبانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

| ژ | مووچەی بنەڕەتی پێش دەرچوونی ئەم بڕیارە | دینار | مووچە |
|---|---|---|---|
| ١ | لیوا | ٥٠٠ | ١٠٠٠ |
| ٢ | عمید | ٤٥٠ | ٩٠٠ |
| ٣ | عقید | ٤١٠ | ٨٢٠ |
| ٤ | مقدم | ٣٨٠ | ٧٦٠ |
| ٥ | رائد | ٣٥٠ | ٧٠٠ |
| ٦ | نقیب | ٣٢٥ | ٦٥٠ |
| ٧ | ملازم أول | ٣٠٠ | ٦٠٠ |
| ٨ | ملازم | ٢٧٥ | ٥٥٠ |

**سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان**

**ژمارەی بڕیار : (٤٧)**

**ڕۆژ : ١١/ ئایار /٢٠٠٢ ز**

**بەرامبەر : ٢١/گوڵان /٢٧٠٢ ك**

## بڕیار

١. **پشت بە ئەحکامی برگەی (٤) لە مادده (١٠)ی یاسای ژمارە (٢) ی ساڵی ١٩٩٢،وە لەسەر پێشنیاری ئەنجومەنی وەزیران بڕیارماندا :-**

٢. ڕاگرتنی ئیجرائاتی یاسایی دژ بە **(یوسف عبد الله سەعید)** لە دەعوای ژمارە (٥٠٤/ج/٩٩) لە دادگای جینایاتی سلێمانی ، وە داخستنی فایلی لێکۆڵینەوە لەو دەعوایە بە یەکجارەکی بە مەرجێك هیچ کێشەیەکی تری لەسەر نەبێت.

٣. ئەنجومەنی وەزیران ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکات لە ڕۆژی دەرچوونیەوە.

٤. لە سلێمانی نووسرا لە ڕۆژی ١١/ **ئایار**/ ٢٠٠٢ ز بەرامبەر ٢١/ **گوڵان** /٢٧٠٢ ك.

**جەلال تاڵەبانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

**سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان**

**ژمارەی بڕیار : (٤٨)**

**ڕۆژ : ١١/ئایار /٢٠٠٢ ز**

**بەرامبەر : ٢١/ گوڵان /٢٧٠٢ ك**

## بڕیار

**پشت بە ئەحکامی برگەی (٤) لە مادده (١٠)ی یاسای ژمارە (٢) ی ساڵی ١٩٩٢،وە لەسەر پێشنیاری ئەنجومەنی وەزیران بڕیارماندا :-**

١. هەموو ساڵێك جەژنی نەورۆز (٥) **پێنج ڕۆژ** دەبێت لە ڕۆژانی **(٢٠ تا ٢٤)ی مانگی ئادار.**

٢. ڕۆژانی جەژنی نەورۆز کە لە برگە (١)ی ئەم بڕیارەدا هاتووە دەبێتە پشووی ڕەسمی بۆ هەموو دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێم.

٣. ئەنجومەنی وەزیران ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکات لە ڕۆژی دەرچوونیەوە.

٤. لە سلێمانی نووسرا لە ڕۆژی ١١/ **نیسان**/ ٢٠٠٢ ز بەرامبەر ٢١/ **گوڵان** /٢٧٠٢ ك.

**جەلال تاڵەبانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

**سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان**

**ژمارەی بڕیار : (٤٩)**

**ڕۆژ : ١١/ ئایار /٢٠٠٢ ز**

**بەرامبەر : ٢١/ گوڵان /٢٧٠٢ ك**

## بــڕیـــار

**پشت بە ئەحکامی بڕگەی (٤) لە مادده (١٠)ی یاسای ژمارە (٢) ی ساڵی ١٩٩٢، وە لەسەر پێشنیاری ئەنجومەنی وەزیران بڕیارماندا :-**

١. پێدانی دەسەڵات بە وەزیری شارەوانیو گەشتو گوزار بۆ ئاڵو گۆڕ کردنی ئەو زەویانەی کە مولکی تەواوی هاووڵاتیانن، یان لە جۆری (**المملوكة**)ن مافی بەکارهێنانیان لەسەرە، وە کەوتونەتە ناو پڕۆژەی گەشتو گوزاری بناری گۆیژەو ئەزمەڕ، بە زەوی شارەوانی لە شێوێنێکی نیشتەجێی کە هاوتابێت لەگەڵ زەوییەکانی خۆیان بە مەرجێك ڕەزامەندی خاوەن مولکی لەسەر بێت.
٢. وەزیری شارەوانیو گەشتو گوزار لیژنەیەك پێك دێنێت بە مەبەستی جێبەجێ کردنی بڕگە (١)ی ئەم بڕیارە.
٣. بڕیارەکانی ئەو لیژنەیەی کە لە بڕگە (٢)ی ئەم بڕیارە ئاماژەی پێکراوە (**طعن**)ی لێ دەدرێت لەبەردەم وەزیری شارەوانیو گەشتو گوزار لە ماوەی (٧) **حەوت ڕۆژدا** لە بەرواری دەرچونی بڕیاری لیژنەکەوە.
٤. بڕیاری لیژنەی ئاڵوگۆڕ کە لە بڕگە (٢)ی ئەم بڕیارە ئاماژەی پێ کراوە پلەی کۆتای وەردەگرێت لەم حاڵەتانەی خوارەوە :-
٥. بە تێپەڕ بوونی (٧) حەوت ڕۆژ بەسەر بڕیاری لیژنەکەدا لە بەرواری دەرچوونیەوە.
٦. بە پەسەند کردنی لەلایەن وەزیری شارەوانیو گەشتو گوزارەوە.
٧. بەرپەرچ دانەوەی ڕەخنەو اعتراضەکانی لەلایەن وەزیری شارەوانیو گەشتو گوزارەوە.
٨. دادگاکان ئەم داوایانە نابینن کە هاوڵاتیان تۆماری دەکەن لە ئەنجامی جێبەجێ کردنی بڕگەکانی ئەم بڕیارە.
٩. ئەنجومەنی وەزیران ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکات لە ڕۆژی دەرچوونیەوە.
١٠. لە سلێمانی نووسرا لە ڕۆژی ١١/ **ئایار**/ ٢٠٠٢ ز بەرامبەر ٢١/ **گوڵان** /٢٧٠٢ ك.

**جەلال تاڵەبانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

**سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان**

**ژمارەی بڕیار : (٥٠)**

**ڕۆژ : ١١/ ئایار /٢٠٠٢ ز**

**بەرامبەر : ٢١/ گوڵان /٢٧٠٢ ك**

## بــڕیـــار

**پشت بە ئەحکامی بڕگەی (٤) لە مادده (١٠)ی یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ١٩٩٢، بڕیارماندا :-**

١. ئیعفا کردنی بەندکراو (**نور الدين على قادر**) لە ماوەی حوکمەکەی کە بۆی دەرچووە، لەلایەن دادگای جینایاتی سلێمانی لە دەعوای ژمارە (٥٨/ج/٢٠٠٢)، وە ئازاد کردنی دەست بەجێ بە مەرجێك حوکم نەدرابێ یان تەوقیف نەکرابێ لەسەر کێشەی تر.
٢. ئەنجومەنی وەزیران ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکات لە ڕۆژی دەرچوونیەوە.
٣. لە سلێمانی نووسرا لە ڕۆژی ١١/ **ئایار**/ ٢٠٠٢ ز بەرامبەر ٢١/ **گوڵان** /٢٧٠٢ ك.

**جەلال تاڵەبانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان

ژمارەی بڕیار : ( ٥١ )

ڕۆژ : ۱۱/ ئایار /۲۰۰۲ ز

بەرامبەر : ۲۱/ گوڵان /۲۷۰۲ ك

**بــڕیـــار**

**پشت بە ئەحکامی بڕگەی ( ٤ ) لە مادده ( ۱۰ )ی یاسای ژمارە ( ۲ ) وە مادده ( ۳ )ی یاسای ژمارە ( ۹ )ی ساڵی ۱۹۹۲ بڕیارماندا :-**

١. مەدالیای شەرەف پێشکەش بە پێشمەرگەی دێرین ( **محمد علی مەمەند** ) بکەین کە لە ساڵی (۱۹۷٦)ەوە بەشداری کردووە لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان بێ دابڕان.

٢. مووچەی (٥۰۰۰) **پێنج هەزار دینار** مانگانە تەرخان بکرێت بۆ ناوبراو لە بڕگە (۱)ی ئەم بڕیارە.

٣. شکۆنامەی ڕێزلێنان ئاراستەی ناوبراو لە بڕگە (۱)ی ئەم بڕیارە دەکرێت.

٤. ئەنجومەنی وەزیران ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکات لە ڕۆژی دەرچوونیەوە.

٥. لە سلێمانی نووسرا لە ڕۆژی ۱۱/ **ئایار**/ ۲۰۰۲ ز بەرامبەر ۲۱/ **گوڵان** /۲۷۰۲ ك.

**جەلال تاڵەبانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

**هۆیەکانی پەیوەندی دار**

بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکانی کۆنگرەی دووهەمی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەربارەی پێشمەرگە دێرینەکانی سەرەتای شۆڕشی نوێی گەلی کوردستان لە ساڵی ۱۹۷٦ز کە لە بارو دۆخێکی دژوار و ناسك و نالەباردا دوای هەرەسپێهێنانی شۆڕشی ئەیلول ئەم ڕۆڵە قارەمانەی میللەتەکەمان لەگەڵ هاوڕێکانیدا دریان بە شەوەزەنگی تاریکی داو بڵێسەی شۆڕشیان هەڵگیرساندەوە، بۆیە ئەم بڕیارەمان دەرکرد

سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان

ژمارەی بڕیار : ( ٥٢ )

ڕۆژ : ۱۱/ ئایار /۲۰۰۲ ز

بەرامبەر : ۲۱/ گوڵان /۲۷۰۲ ك

**بــڕیـــار**

**پشت بە ئەحکامی بڕگەی ( ٤ ) لە مادده ( ۱۰ )ی یاسای ژمارە ( ۲ )ی ساڵی ۱۹۹۲ وە لەسەر پێشنیاری ئەنجومەنی وەزیران بڕیارماندا :-**

١. گەڕانەوەی دادوەری خانەنشینکراو (**ئیبراهیم أمین ڕۆستم**) بۆ سەر کاری پێشووی بە دادوەری پلە چوار نمرە (**د**).

٢. ئەنجومەنی وەزیران ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکات لە ڕۆژی دەرچوونیەوە.

٣. لە سلێمانی نووسرا لە ڕۆژی ۱۱/ **ئایار**/ ۲۰۰۲ ز بەرامبەر ۲۱/ **گوڵان** /۲۷۰۲ ك.

**جەلال تاڵەبانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان

ژمارەی بڕیار : ( ٥٣ )

ڕۆژ : ۱۱/ ئایار /۲۰۰۲ ز

بەرامبەر : ۲۱/ گوڵان /۲۷۰۲ ك

**بــڕیـــار**

**پشت بە ئەحکامی بڕگەی ( ٤ ) لە مادده ( ۱۰ )ی یاسای ژمارە ( ۲ )ی ساڵی ۱۹۹۲ وە لەسەر پێشنیاری ئەنجومەنی وەزیران بڕیارماندا :-**

١. تەعدیل کردنی ماددەی (٤) لە یاسای وەزارەتی ڕۆشنبیری ژمارە (۱۱)ی ساڵی ۱۹۹۲.

٢. دامەزراندی (**أستحداث**) بەڕێوەبەرێتیەکی گشتی بە ناوی (**بەڕێوەبەرێتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان**) کە دەبێتە زنجیرە (۸) لە ماددەی (٤) لە یاسای ژمارە (۱۱)ی ساڵی ۱۹۹۲.

٣. ئەنجومەنی وەزیران سیستەمێك دەردەکات دەربارەی کارو پێکهاتە و دەسەڵاتەکانی ئەم

بەڕێوەبەرێتیە گشتیەی کە لە برگە (٢)ی ئەم بڕیارەدا هاتووە.

٤. ئەنجومەنی وەزیران ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکات لە ڕۆژی دەرچوونیەوە.

٥. لە سلێمانی نووسرا لە ڕۆژی ١١/ ئایار/ ٢٠٠٢ ز بەرامبەر ٢١/ گوڵان/ ٢٧٠٢ ك.

**جەلال تاڵەبانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان

**ژمارەی بڕیار : ( ٥٤ )**

**ڕۆژ : ١١/ ئایار /٢٠٠٢ ز**

**بەرامبەر : ٢١/ گوڵان /٢٧٠٢ ك**

## بـــڕیـــــار

**پشت بە ئەحکامی برگەی ( ٤ ) لە مادده ( ١٠ )ی یاسای ژمارە ( ٢ )ی ساڵی ١٩٩٢ ، بڕیارماندا :-**

١. هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٢٦٤) لە ١٢/ **تشرینی یەکەم**/١٩٩٩ دەربارەی تاوانبار (**مەریوان عوسمان حەمە سالح**).

٢. ئەنجومەنی وەزیران ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکات لە ڕۆژی دەرچوونیەوە.

٣. لە سلێمانی نووسرا لە ڕۆژی ١١/ ئایار/ ٢٠٠٢ ز بەرامبەر ٢١/ گوڵان/ ٢٧٠٢ ك.

**جەلال تاڵەبانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

**سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان**

**ژمارەی بڕیار : ( ٥٥ )**

**ڕۆژ : ١١/ ئایار /٢٠٠٢ ز**

**بەرامبەر : ٢١/ گوڵان /٢٧٠٢ ك**

## بـــڕیـــــار

**پشت بە ئەحکامی برگەی ( ٤ ) لە مادده ( ١٠ )ی یاسای ژمارە ( ٢ )ی ساڵی ١٩٩٢، وەلەسەر پێشنیاری ئەنجومەنی وەزیران بڕیارماندا :-**

١. لەسەر هەر پارچە زەوییەك لەو زەویانەی کە لە بناری (**گۆیژە و ئەزمەڕ**) بە مەبەستی جوانکردنی شاری سلێمانی بینا دروست دەکرێ بە زیادکردنی ئاشکرا دەفرۆشرێت ڕێژەی بیناکردن نابێت لە (٢٠٪) **سەدا بیست** تێپەڕ بکات.

٢. لە کاتی سەرپێچی کردن لەو ڕێژەیەی کە لە برگە (١)ی ئەم بڕیارە دیاری کراوە شارەوانی سلێمانی هەڵدەستێت بە لابردنی ئەو ڕێژەیەی کە زیادە.

٣. ئەو پارچە زەویانەی کە لە برگە (١)ی ئەم بڕیارە ئاماژەیان پێ کراوە هیچ جۆرە مامەڵەیەکی کڕین و فرۆشتنیان لەسەر ناکرێ تا ماوەی (٥) **پێنج ساڵ** لە ڕۆژی تۆمار کردنی زەوییەکە بە ناوی ئەو کەسەی کە زیادکردنەکەی بۆ دەرچووە.

٤. ئەنجومەنی وەزیران ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکات لە ڕۆژی دەرچوونیەوە.

٥. لە سلێمانی نووسرا لە ڕۆژی ١١/ ئایار/ ٢٠٠٢ ز بەرامبەر ٢١/ گوڵان/ ٢٧٠٢ ك.

**جەلال تاڵەبانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان
ژمارەی بڕیار : ( ٥٦ )
ڕۆژ : ١١/ ئایار /٢٠٠٢ ز
بەرامبەر : ٢١/ گوڵان /٢٧٠٢ ك

## بـــڕیـــــــار

**پشت بە ئەحکامی برگەی (٤) لە مادده (١٠)ی یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ١٩٩٢، وەلەسەر پێشنیاری ئەنجومەنی وەزیران بڕیارماندا :-**

١. مووچەی خانەنشینی بۆ ئەو فەرمانبەرانەی کە بە پلەی (شارەزا) خانەنشین دەکرێن بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت :
٢. ڕێژەی (٨٠٪) **لەسەدا هەشتای** کۆی مووچەو دەرماڵەی پێش خانەنشین کردنی لە پلەی شارەزادا بۆ خەرج ئەکرێت.
٣. لەبەرامبەر هەرساڵێکی خزمەت لە پلەی وەزیفی شارەزا دا (٢٠) **بیست دینار** دەخرێتە سەر مووچەی خانەنشینیەکەی.
٤. ئەنجومەنی وەزیران ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکات لە ڕۆژی دەرچوونیەوە.
٥. لە سلێمانی نووسرا لە ڕۆژی ١١/ **ئایار**/ ٢٠٠٢ ز بەرامبەر ٢١/ **گوڵان** /٢٧٠٢ ك.

**جەلال تاڵەبانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان
ژمارەی بڕیار : ( ٥٧ )
ڕۆژ : ١١/ ئایار /٢٠٠٢ ز
بەرامبەر : ٢١/ گوڵان/٢٧٠٢ ك

## بـــڕیـــــــار

**پشت بە ئەحکامی برگەی (٤) لە مادده (١٠)ی یاسای ژمارە (٢) ی ساڵی ١٩٩٢.وە لەسەر پێشنیاری ئەنجومەنی وەزیران بڕیارماندا :-**

١. خەرج کردنی مووچەیەکی خانەنشینی مانگانە بە بڕی (١٠٠٠) **هەزار دینار** بۆ ئەو (٢٢) **بیستو دوو** نووسەرو هونەرمەندانەی کە ناویان لە لیستی هاوپێچدا هاتووە، دەست پێدەکات بە ژمارە (١) بە ناوی (**ساجد ئاوارە**) وە کۆتایی دێت بە ژمارە (٢٢) بە ناوی (**إبراهیم خەیات**).
٢. ئەنجومەنی وەزیران ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکات لە ڕۆژی دەرچوونیەوە.
٣. لە سلێمانی نووسرا لە ڕۆژی ١١/ **ئایار**/ ٢٠٠٢ ز بەرامبەر ٢١/ **گوڵان** /٢٧٠٢ ك.

**جەلال تاڵەبانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

## نـــاوەکـــان

١. ساجد ئاوارە.
٢. هۆگر گۆران.
٣. علی ووریا.
٤. عبد الله عبد الکریم بەسۆز.
٥. سدید هاشم سەید أحمد.
٦. جەلال فەقێ.
٧. غفور میرزا کریم.
٨. کریم زەند.
٩. محمد أحمد اربیللی.
١٠. پیربال محمود.
١١. عبد الله پشدەری.
١٢. عبد الله سیدۆك.
١٣. شەهید یوسف أحمد دەرگەڵەیی.
١٤. شەهید یوسف شریف.
١٥. سەردار أحمد.
١٦. إبراهیم سابیر.
١٧. زرار محمد مستەفا.
١٨. باکووری.
١٩. واحید مەرجان.
٢٠. سەلام مەنمی.
٢١. محمد مستەفا.
٢٢. إبراهیم خەیات.

سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان

ژمارەی بڕیار : ( ٥٨ )

ڕۆژ : ١١/ ئایار /٢٠٠٢ ز

بەرامبەر : ٢١/ گوڵان /٢٧٠٢ ك

## بـڕیـار

**پشت بە ئەحکامی برگەی ( ٤ ) لە مادده ( ١٠ )ی یاسای ژمارە ( ٢ )ی ساڵی ١٩٩٢، وەلەسەر پێشنیاری ئەنجومەنی وەزیران بڕیارماندا :-**

١. هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری ژمارە (١)ی ڕۆژی ٥/**کانونی دووەم**/٢٠٠٢.

٢. تاوانبار (**یاسین حەسەن ئەمین**) هەموو ئیجرائاتێکی یاسایی لەگەڵ دەکرێت وە پێویستە پاشماوەی حوکمەکەی لە بەندیخانە بەسەر بەرێت.

٣. ئەنجومەنی وەزیران ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکات لە ڕۆژی دەرچوونیەوە.

٤. لە سلێمانی نووسرا لە ڕۆژی ١١/ **ئایار**/ ٢٠٠٢ ز بەرامبەر ٢١/ **گوڵان** /٢٧٠٢ ك.

**جەلال تاڵەبانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان

ژمارەی بڕیار : ( ٥٩ )

ڕۆژ : ١١/ ئایار /٢٠٠٢ ز

بەرامبەر : ٢١/ گوڵان /٢٧٠٢ ك

## بـڕیـار

**پشت بە ئەحکامی برگەی ( ٤ ) لە مادده ( ١٠ )ی یاسای ژمارە ( ٢ )ی ساڵی ١٩٩٢، وەلەسەر پێشنیاری ئەنجومەنی وەزیران بڕیارماندا :-**

١. بەخشینی ئەو کۆمپانیانەی کە لە خوارەوە ناویان دیاری کراوە لە باج، بۆ ئەو کارانەی کە بەرامبەر ناوەکانیان دیاری کراوە لە ڕێکخراوی هابیتات بۆیان دەرچووە.

٢. ئەنجومەنی وەزیران ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکات لە ڕۆژی دەرچوونیەوە.

٣. لە سلێمانی نووسرا لە ڕۆژی ١١/ **ئایار**/ ٢٠٠٢ ز بەرامبەر ٢١/ **گوڵان** /٢٧٠٢ ك.

**جەلال تاڵەبانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

**ناوی کۆمپانیاکان**

١. **کۆمپانیاری کۆسرەت - پرۆژەی قیرتاو کردنی بایندەر ( چینی دووەم ) ژمارە ( ٩٩٤ ) بۆ ڕێگای ( ئازادی - هەیبەت سوڵتان ).**

٢. **کۆمپانیای سەلام - ڕێگای ( دوکان - کۆیە ) - ( بەشی یەکەم ) Sul/con/357A**

٣. **کۆمپانیای ڕێگا - ڕێگای ( دوکان - کۆیە ) - ( بەشی دووەم ) Sul/con/357B**

٤. **کۆمپانیای کانیسکان - ڕێگای ( دوکان - کۆیە ) - ( بەشی سێیەم ) Sul/con/357C**

سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان

ژمارەی بڕیار : ( ٦٠ )

ڕۆژ : ١١/ ئایار /٢٠٠٢ ز

بەرامبەر : ٢١/ گوڵان /٢٧٠٢ ك

## بـڕیـار

**پشت بە ئەحکامی برگەی ( ٤ ) لە مادده ( ١٠ )ی یاسای ژمارە ( ٢ )ی ساڵی ١٩٩٢، وەلەسەر پێشنیاری ئەنجومەنی وەزیران بڕیارماندا :-**

١. بەدەر کردنی (**أستثناء**) تاوانبار (**صالح أحمد شریف**) ناسراو بە (**صالح موزەلی**) لە یاسای (**أصول محاكمات الجزائية**) ژمارە (٣٢)ی ساڵی ١٩٧١.

٢. دادگایی کردنەوەی ناوبراو لەسەر ئەو تاوانەی کە ساڵی ١٩٩٩ ئەنجامی داوە بەدەر لە یاسای ئاماژە بۆ کراو لە برگە (١)ی ئەم بڕیارە.

٣. ئەنجومەنی وەزیران ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکات لە ڕۆژی دەرچوونیەوە.

٤. لە سلێمانی نووسرا لە ڕۆژی ١١/ ئایار/ ٢٠٠٢ ز بەرامبەر ٢١/ گوڵان /٢٧٠٢ ك.

**جەلال تاڵەبانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

**سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان**

**ژمارەی بڕیار : ( ٦١ )**

**ڕۆژ : ١١/ ئایار /٢٠٠٢ ز**

**بەرامبەر : ٢١/ گوڵان /٢٧٠٢ ك**

## بـــڕیـــار

**پشت بە ئەحکامی بڕگەی ( ٤ ) لە ماددە ( ١٠ )ی یاسای ژمارە ( ٢ )ی ساڵی ١٩٩٢، وەلەسەر پێشنیاری ئەنجومەنی وەزیران بڕیارماندا :-**

١. بەڕێز **(رشدی عزیز صالح)** وەزیری داد سیفەتە قەزائیەکەی پارێزراو دەبێت.

٢. ئەنجومەنی وەزیران ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکات لە ڕۆژی دەرچوونیەوە.

٣. لە سلێمانی نووسرا لە ڕۆژی ١١/ **ئایار**/ ٢٠٠ بەرامبەر ٢١/ **گوڵان** /٢٧٠٢ ك.

**جەلال تاڵەبانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

**سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان**

**ژمارەی بڕیار : ( ٦٢ )**

**ڕۆژ : ١٣/ ئایار /٢٠٠٢ ز**

**بەرامبەر : ٢٣/ گوڵان /٢٧٠٢ ك**

**( ئەم بڕیارە إلغاء کراوەتەوە )**

**سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان**

**ژمارەی بڕیار : ( ٦٣ )**

**ڕۆژ : ١٣/ ئایار /٢٠٠٢ ز**

**بەرامبەر : ٢٣/ گوڵان /٢٧٠٢ ك**

## بـــڕیـــار

**پشت بە ئەحکامی بڕگەی ( ٤ ) لە ماددە ( ١٠ )ی یاسای ژمارە ( ٢ )ی ساڵی ١٩٩٢، وەلەسەر پێشنیاری ئەنجومەنی وەزیران بڕیارماندا :-**

**بە تەعدیل کردنی یاسای داهاتی شارەوانیەکان ژمارە ( ١٣٠ )ی ساڵی ١٩٦٣ز تایبەت بە بڕگەکانی پەیوەندار بە ڕەسمی کاسبانە ( رسوم ممارسة المهن ) بەم شێوەیەی خوارەوە :-**

١. کەم کردنەوەی ڕەسمی ساڵانەی کاسبانە **(ممارسة المهن و الأعمال)** لە (١٠٪) بۆ (٥٪) کە بە گوێرەی بەدەلی کرێی ساڵانەی شوێنی کەسابەت وەردەگیرێ، جگە لە **(عەلووە گەراجەکان)** کە بە کرێ دراون لە شارەوانیەکان ئەم کەم کردنەوەیە نایانگرێتەوە وە ڕەسمی ساڵانەی کاسبانەیان (١٠٪) دەبێ.

٢. شوێنێکی بازرگانی تایبەت بە کەسابەت کە کرێی ساڵانەی لە (٥٠٠٠) **پێنج هەزار دینار** کەمتر بێ لە ڕەسمی کاسبانە دەبەخشرێ.

٣. سەرجەم ئەو پیشانەی کە پێویستیان بە مۆڵەتی کارکردن هەیە بەپێی یاسا پەیوەندیدارەکان تەنها بۆ یەك جار لە سەرەتای دەست بەکاربوونیان لە پیشەکەیاندا **(ڕەسم)**ی یاساییان لێ وەردەگیرێت لە بەرامبەر پێدانی مۆڵەتی کار کردن لە بواری پیشەکەیداو پێویست بە نوێ کردنەوە ناکات لەگەڵ ڕەچاو کردنی هەبوونی گشت ئەو مەرجانەی کە لە ماوەی بەردەوام بوونی کار کردن لە بواری پیشەکەیدا یاسای پەیوەندیدار پێویستی کردووە هەبێت.

٤. کار بە هیچ دەقێکی یاسایی تر ناکرێ ئەگەر پێچەوانەی ئەم بڕیارە بێ.

٥. ئەنجومەنی وەزیران ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکات لە ڕۆژی دەرچوونیەوە.

٦. لە سلێمانی نووسرا لە ڕۆژی ١٣/ **ئایار**/ ٢٠٠٢ ز بەرامبەر ٢٣/ **گوڵان** /٢٧٠٢ ك.

**جەلال تاڵەبانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

**سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان**

**ژمارەی بڕیار : ( ٦٤ )**

**ڕۆژ : ١٣/ ئایار /٢٠٠٢ ز**

**بەرامبەر : ٢٣/ گوڵان /٢٧٠٢ ك**

## بڕیار

**پشت بە ئەحکامی بڕگەی (٤) لە مادده (١٠)ی یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ١٩٩٢، وەلەسەر پێشنیاری کۆنگرەی گشتی دووەمی پزیشکانی کوردستان کە لە سلێمانی بەسترا لە ڕۆژانی (٩ – ١٠/٥/٢٠٠١) بڕیارماندا :-**

**بە پەسەند کردنی پەیڕەو پرۆگرامی کۆنگرەی دووەمی سەندیکای ناوبراو بەم شێوەیەی خوارەوە :-**

### بەشی یەکەم

**ماددەی (١) :-**

ئەم یاسا ناوخۆییە تازەیە کە لە خوارەوە دیاری کراوە جێگای یاسای ناوخۆی پێشوو بگرێتەوە.

**ماددەی (٢) :-**

**یەکەم :** ناوی سەندیکا : سەندیکای پزیشکانی کوردستان (Kurdistan Medical Association)، کە تاکە نوێنەری (**پزیشکان و پزیشکانی ددان و پزیشکانی دەرمان**)ە.

**دووەم :** شوێن : مەڵبەندی سەرەکی لە پایتەختی کوردستانە وە دەتوانێت بەپێی پێویستی لق و لیژنە لە پارێزگاو قەزاو ناحیەکاندا بکاتەوە.

**سێهەم :** بۆی هەیە هێمایەکی هەبێت کە بەڵگەی چالاکییەکانی بێت.

**چوارەم :** پزیشکانی ددان و دەرمان بۆیان هەیە سەندیکای سەربەخۆیان هەبێت ئەگەر هاتوو نصابی یاسایی یان هەبێت لە دواڕۆژدا.

**ماددەی (٣) :-**

سەندیکا خاوەنی کەسایەتیەکی ناسراوی خۆیەتی وە دەتوانێت بیناو کەرەسەی گوێزراو نەگوێزراوی (**المنقولة و غير المنقولة**) هەبێت بە ناوی خۆیەوە، وە دەتوانێت بینا بەکرێ بگرێت کە پێویست بێت بۆ بەدی هێنانی ئامانجەکانی وە هەروەها دەتوانێت موڵکەکانی بفرۆشێت پاڵپشت بەم یاسایە.

**ماددەی (٤) :-**

سەندیکا لەم دەسەڵاتانەی خوارەوە پێک دێت :-

١. کۆنگرەی گشتی.
٢. ئەنجومەنی سەندیکا.
٣. ئەنجومەنی لقەکان و لیژنەی سەندیکای پارێزگاو قەزاکان.
٤. لیژنەی ئینزیباتی (**جلەوگیری**)

**ماددەی (٥) :-**

پێناسەی سەندیکا : ڕێکخراوێکی پیشەیی زانستییە، نوێنەرایەتی پزیشکانی هەرێمی کوردستان لە ناوەوە و دەرەوەی هەرێمدا دەکات.

**ماددەی (٦) :-**

ئامانجەکانی :-

أ. گەشە پێدان بە پیشەی پزیشکی و بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و پیشەیی ئەندامانی.

ب. ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان ئەندامان و بوژاندنەوەی گیانی برایەتی و هاوکاری لە نێوانیاندا.

ج. هەوڵدان بۆ دابین کردنی کار بۆ ئەندامان و کار ئاسانی بۆ دابین کردنی پێداویستییەکانیان.

د. پێشکەشکردنی یارمەتی ئابووری و کۆمەڵایەتی بە ئەندامان لە کاتی نەخۆشی و پەک کەوتن و مردندا کە لە سندوقی زامن کردنی پزیشکان دابین دەکرێت.

هـ. ڕێکخستنی پەیوەندی ئەندامان و بەرگری کردن لە مافە پیشەییەکانیان.

و. هاوکاری کردن و ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری و شارەزایی لەگەل ڕێکخراو دامەزراوە زانستی و

پیشەییەکان کە ئامانجەکانیان هاوبەشە لەگەڵ ئەم سەندیکایە، وە بەشداریکردن لە کۆنگرەو چالاکیە زانستیو رۆشنبیریو کۆمەلایەتیەکانیان لە ناوەوەو دەرەوەی هەرێم.

ز. هەوڵدان بۆ دابین کردنی خوێندنی باڵا بۆ پزیشکان لە ناوەوەو دەرەوەی هەرێم.

## بەشی دووەم

### ئەندامێتی سەندیکا

**ماددەی (٧) :-**

أ. دەبێت هەموو پزیشکان ئەندامی سەندیکا بن.

ب. نابێت پزیشک مومارەسەی پیشەکەی بکات لە دامەزراوە حکومیو ناحکومیەکاندا تا نەبێت بە ئەندام لە سەندیکا و بڕوانامەی تۆمار کردنو مۆڵەتی مومارەسەی پیشە وەرنەگرێت لە سەندیکا.

**ماددەی (٨) :-**

مەرجەکانی بەئەندام بوون :-

١. ئەندام دەبێت دەرچووی یەکێك لە کۆلیژەکانی پزیشکی، پزیشکی ددان یان پزیشکی دەرمانسازی لە عێراق یان هاوتاکەی بێت. پزیشکانی بێگانە دەتوانن ببن بە ئەندام لە سەندیکا بە مەرجێك لە وڵاتی خۆیان مافی مومارەسەی پیشەیان لێ نەسێنرابێتەوە بە هۆی خراپەکاری بەرامبەر بە پیشەی پزیشکی.

٢. سەندیکا دەتوانێت ئەندامێتی ئەو پزیشکانە پەسەند بکات کە سەر بەلایەنێکی نیشتیمانینو کار دەکەن لە کوردستاندا، ئەگەر وڵاتەکەشیان مامەڵەی پزیشکانی هەرێمی کوردستان بەهەمان شێوە نەکەن. وە مومارەسەی پیشەکەیان تەنها دامەزراندن دەبێت لە دەزگاکانی میریدا ، وە نابێت کلینکی تایبەت بکەنەوە.

٣. نابێت فەرمانی تاوانی بەدرەوشتی درابێتە پاڵ لە ماوەی پێنج ساڵی ڕابردوودا.

٤. سەندیکا مامەڵەی پزیشکانی وڵاتانی دۆست دەکات بەو شێوەیە کەوڵاتەکانیان مامەڵەی پزیشکانی کوردستان دەکەن.

**ماددەی (٩) :-**

پێداویستیەکانی بە ئەندام بوون :-

١. ئەندام پێویستە بە نوسین داواکارییەك پێشکەش بە ئەنجومەنی باڵای سەندیکای پزیشکارانی کوردستان بکات کە بەڵگەنامەکانی هاوپێچ کرابێتو ئەنجومەنی باڵا دەبێت لە ماوەی (١٥) **ڕۆژدا** وەڵامی بداتەوە، لە حاڵەتی ڕەتکردنەوەی داواکارییەکە دەبێت هۆیەکانی روون بکرێتەوە.

٢. ئەگەر ئەنجوومەنی سەندیکا داواکەی ڕەتکردەوە، وەزیری پەیوەندیدار (**وەزیری تەندروستی**) و خاوەنی داواکاری بە بڕیاری ئەنجومەن ئاگاداردەکرێنەوە، وە هەریەك لەمانە بۆیان هەیە لە ماوەی (٣٠) ڕۆژدا داوای تۆمارکردنی ناڕەزایی خۆیان بەرامبەر بە بڕیاری ئەنجومەن بخەنە بەردەم دادگای تەمیز، ئەم داواکاریەش لە ماوەی (٣٠) **ڕۆژدا** دوای تۆمارکردنی لای خۆی دەبێ لێی بکۆڵرێتەوە، وە بڕیارەکەشی کۆتاییە.

٣. ئەگەر ئەنجومەنی سەندیکا لە باری ئاساییدا کۆبووە و وەڵامی داواکارییەکەی نەدایەوە لەو ماوەیەی کە لە بەندی یەکەمی ئەم ماددەیەدا دیاری کراوە داواکارییەکە وەکو ڕەزامەندی لەسەرکرابێت وایە.

٤. ئەگەر داواکاری ئەندام قبوڵ کرا ئەوا لە تۆمارگە (**سجلات**)ی سەندیکا تۆمار دەکرێ و بڕوانامەی تۆمارکردنو مۆڵەتی کار کردنی پیشەیی پێ دەبەخشرێت.

**ماددەی (١٠) :-**

١. مۆڵەتی کار کردنی پیشە لە مانگی (**نەورۆزو گوڵان**)ی هەموو ساڵێك نوێ دەکرێتەوە، ئەگەر ئەندام دواکەوت بەبێ هۆیەکی ڕەوا کە

ئەنجومەن پێی قایل بێت، ڕێگەی پێ نادرێت کاری پیشەکەی بکات تا دوو هێندەی پارەی نوێ کردنەوە نەدات.

٢. ئەگەر ئەندام لە نوێ کردنەوەی مۆڵەتەکەی دوو ساڵ لەسەر یەك دواکەوت بەبێ هۆیەکی ڕەوا ناوی لە تۆمارگەکانی سەندیکا دەسڕێتەوە. ئەگەر ویستی دووبارە تۆمار بکرێتەوە ئەوا دەبێ پارەی ئەندامێتی و نوێکردنەوەی مۆڵەتی کاری پیشەیی دوو هێندە بدات.

**ماددەی** (١١) :-

ئەگەر ئەندام مەرجێکی لە مەرجەکانی ئەندامێتی سەندیکا لەدەست دا ئەوا مافی ئەندامێتی نامێنێ و بە بڕیارێك لە ئەنجومەنەوە ڕێگەی پێ نادرێ کاری پیشەیی بکات، ئەندامیش بۆی هەیە نارەزایی خۆی بەرامبەر بەم بڕیارە پێشکەش بکات بە دادگای تەمیز لە ماوەی (٣٠) **ڕۆژدا** لە بەرواری ئاگادار کردنەوەکە وە بڕیاری دادگای تەمییز بڕیاری کۆتاییە.

**ماددەی** (١٢) :-

أ. نابێت پزیشکی ڕێگە پێدراو بە کاری پیشەیی زیاتر لە یەك کلینك یان دەرمانخانە لە هەرێمدا بکاتەوە. تەنها لە کاتی گواستنەوەیدا نەبێت لە پارێزگایەکەوە بۆ پارێزگایەکی تر، بە مەرجێك ئەو حاڵەتە لە (٣) **سێ مانگ** زیاتر نەخایەنێت وە بە ئاگاداری ئەنجومەنی سەندیکا.

ب. ئەندام مافی ئەوەی نییە نازناوی (**پسپۆری — أختصاص**) لە هیچ بەشێك لە بەشەکانی پزیشکیدا هەڵبگرێت تا بە شێوەیەکی یاسایی ئەم نازناوە لەلایەنی وەزارەتی پەیوەندیدار (**وەزارەتی تەندروستی**) وەرنەگرێ وە بە بڕیارێکی ئەنجومەنی سەندیکا تۆمار نەکرێت.

ج. ئەندامی فەرمانبەری دانیشتووی هەرێم بۆی هەیە دوای دەوامی ڕەسمی کاری پیشەیەکەی بکات بە مەرجێك ئاگاداری سەندیکا بکات و ڕەزامەندی کاری پیشەی وەربگرێت.

د. سەندیکا بۆی هەیە نەهێڵێ کاری پیشەی بکات بەپێی بەندەکانی پەیڕەوی ناوخۆ.

**ماددەی** (١٣) :-

ئەگەر ئەندام نەقیبی سەندیکا بێت وەیان لێپرسراوی لق وەیان سەرۆکی لیژنەی سەندیکا وە یان لیژنەی ئینزباتی بێت لە هەمان کاتدا نابێت یەکێك لەم پۆستانەی خوارەوەی هەبێت.

١. وەزیر.

٢. ئەندامی پەرلەمان.

٣. بەڕێوەبەری گشتی.

٤. بەڕێوەبەری کۆمپانیای بازرگانی.

**ماددەی** (١٤) :-

١. پێویستە پزیشك پابەند بێت بە بنەمای خۆڕەوشتی پیشەیی کەلەلایەن سەندیکاوە دەردەچێت.

٢. نابێت پزیشك لەسەر ڕەچەتە و تابلۆ (**قطعة**)ی کلینك و دەرمانخانە و چاپکراوەکانی نازناوی پسپۆڕی و زانستی زیاتر دابنێت، بێجگە لەو نازناوو بڕوانامانەی کە پێی بەخشراوە بەپێی یاساو پەسەندکراوە بەپێی پەیڕەوی سەندیکا.

٣. هەموو پزیشکێك دەتوانێت بە نوسراوێك سەندیکا ئاگاداربکاتەوە لەهەر ڕەوشتێکی نەگونجاو کەلەلایەن ئەندامانی ترەوە دەربچێت بە مەرجێك بەڵگەنامەی گونجاوی هەبێت.

٤. دەبێت پزیشك ئیش و کارەکانی سەندیکا و بڕیارەکانی جێبەجێ بکات و کار ئاسانی بۆ بکات.

٥. نابێت پزیشك پروپاگندە بۆ خۆی بکات کە پەیوەندی هەبێت بە مومارەسەی پیشەکەیەوە بە مەبەستی هاندانی نەخۆش، وە ڕێگەی پێ دەدرێت بە بڵاوکردنەوەی بابەتی پزیشکی لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری تەندروستی.

٦. سەندیکا سەرچاوەی یەکەمە بۆ لێکۆڵینەوە و بڕیاردان لە ناکۆکییە پیشەیەکانی نێوان پزیشکان.

٧. نابێت پزیشک دەرمان لە کلینکی تایبەتی خۆیدا بفرۆشێت.

٨. پێویستە پزیشکان پابەند بن بەو نرخانەی کە لەلایەن سەندیکاوە دادەنرێت بۆ کلینکی تایبەت و کلینکی ددان و دەرمانخانەکان و نەخۆشخانە تایبەتییەکان.

## بەشی سێیەم

**ماددەی (١٥) :-**

شێوازی کارکردن :

١. کۆنگرەی گشتی : دەستەی باڵای سەندیکایە، و ئەم بەشانە دەگرێتە خۆی :

أ. ئەنجومەنی سەندیکا.

**ب.** ئەنجومەنی لقەکان.

ج. لیژنە پیشەییەکان.

**د.** لیژنەکانی قەزاو ناحیەکان.

**ه.** لیژنەی ئینزیباتی.

و. ئەو ئەندامانەی کە دەپاوڵێورێن لە هەڵبژاردنەکانی لیژنەو لقەکانی پارێزگاو قەزاکاندا بە ڕێژەی :

١. (١) پاڵێوراو بۆ هەر (٥) ئەندام بۆ پسپۆڕەکان.

٢. (١) پاڵێوراو بۆ هەر (٣٠) ئەندام بۆ مومارسەکان و خوێندکارانی خوێندنی باڵا.

٣. (١) پاڵێوراو بۆ هەر (٥٠) ئەندام بۆ پزیشکانی پلە بەندی.

٤. (١) پاڵێوراو بۆ هەر (٢٠) ئەندام بۆ پزیشکانی ددانی مقیم.

٥. (١) پاڵێوراو بۆ هەر (٢٠) ئەندام بۆ پزیشکانی ددانی پلەبەند کە کەمتر لە (٥) **پێنج ساڵ** خزمەتیان هەبێت.

٦. (١) پاڵێوراو بۆ هەر (٥) ئەندام بۆ پزیشکانی ددانی مومارس کە لە (٥) **پێنج ساڵ** زیاتر خزمەتی هەبێت.

٧. (١) پاڵێوراو بۆ هەر (٥) ئەندام بۆ پزیشکانی دەرمان.

١. وە ئەو ئەندامانەی لای سەرەوە نوێنەرانی کۆنگرە دەبن کە مافی بەشداری کۆبونەوەکانی کۆنگرەی گشتیان هەیە، وە هەروەها نوێنەری هەموو ئەو پزیشکانە دەبن کە لە پارێزگا و قەزاو ناحیەکاندا کار دەکەن، ئەندامانی ئەنجومەنی باڵا و ئەنجومەنی لقەکان و لیژنەکانی پارێزگاکان و قەزاکان و لیژنەکانی ئینزیباتی ئەندامی هەمیشەیین لە کۆنگرەی گشتی بەبێ ئەوەی پێویست بە هەڵبژاردن بکات تەنها لە یەك خولی سەندیکادا.

٢. ئەنجومەنی گشتی (**الهيئة العامة**) (**ئەنجومەنی سەندیکا، لیژنە پیشەییەکان و لیژنەی ئینزباتی و نوێنەری لقەکان**) لە مەڵبەندی سەندیکا کۆدەبێتەوە لەیەکەم هەفتەی مانگی مارتی هەموو ساڵێك بە نوسراوێك کەلەلایەن نەقیبی سەندیکاوە ئاراستەی کۆنگرەکە دەکرێت، بە مەبەستی تاوتوێ کردنی ئەو ئەرك و کارانەی کە لە خشتەی کارەکاندا دەست نیشان کراوە، بە مەرجێك بانگهێشتەکە بنێردرێت بۆ ئەندامانی ئەنجوومەنی گشتی پێش کۆبوونەوەکە بە (١٥) ڕۆژ، کە تیایدا ڕۆژو کات و شوێنی کۆبوونەوەکە و خشتەی کارەکان و ڕاپۆرتی ژمێریاری دیاری دەکرێت. هەروەها بانگهێشتەکە لە یەکێك لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بڵاوبکرێتەوە.

٣. دەنگدان تەواو دەبێت بە ئامادە بوونی زۆربەی ئەندامانی دەستەی گشتی (**نیوە** + ١) وە ئەگەر زۆرینە ئامادە نەبوو، کۆبوونەوەیەکی تر دەکرێت لە ماوەی یەك مانگدا لە ڕۆژی کۆبوونەوەکەی یەکەم و دەنگدان بە تەواو دادەنرێت هەرچەندێك لە ئەندامان ئامادەبن.

٤. ئەگەر نەقیبی سەندیکا بانگهێشتی نەکرد بۆ کۆبوونەوەی گشتی ساڵانە لە کاتی دیاریکراودا کە لە بەندی (٢)ی ئەم ماددەیە دیاری کراوە،

دەستەی گشتی خۆی كۆدەبێتەوە لە بینای سەندیكا لە دوا هەفتەی مانگی مارت لە هەمان ساڵ، و دەنگ دان یاسایی نابێت لەم حاڵەتەدا هەتا چواریەكی ئەندامانی كۆنگرە ئامادەنەبن وە ئەگەر دەنگ دان (**نصاب**) تەواو نەبوو. كۆبوونەوەكە دووبارە دەبێتەوە لە دوا هەفتەی هەموو مانگێك هەتا دەنگ دان (**نصاب**) تەواو دەبێت.

٥. نەقیبی سەندیكا سەرۆكایەتی كۆبوونەوەی كۆنگرەی گشتی دەكات وە لە كاتی ئامادە نەبوونیدا جێگری نەقیب سەرۆكایەتی دەكات وە لە كاتی ئامادە نەبوونی جێگر بە تەمەنترین ئەندامی ئەنجومەنی باڵا ئەو ئەركە دەخاتە ئەستۆی خۆی.

٦. دەكرێت كۆنگرەی گشتی كۆبوونەوەیەكی نائاسایی ببەستێت بە داواكاری نەقیبی سەندیكا یان چواریەكی ئەندامانی كۆنگرەی گشتی یان زۆرینەی ئەندامانی ئەنجومەنی سەندیكا، وە كاتو شوێنو هۆیەكانی كۆبوونەوەكە دەبێت لەو داوایەدا ڕوون بكرێتەوە.

**ماددەی** (١٦) :-

كۆنگرەی گشتی ئەم كارو ئەركانە دەگرێتە خۆی :-

١. هەڵبژاردنی نەقیبی سەندیكا و دوو جێگرەكەی و ئەندامانی سەندیكا لە ژێر چاودێری یەكێك لە دادوەرە بەڕێزەكان.

٢. دان پیانان بە بوودجەی ساڵانە.

٣. گفتوگۆ لەسەر ڕاپۆرتی ساڵانەو كاروباری سەندیكا و ژمێریاری.

٤. گفتۆگۆ كردن لەسەر هەر پێشنیارێك كە داوای چاكردنی یاسای سەندیكا بكات (**پەیڕەو و پرۆگرامی ناوخۆ**).

٥. دیاریكردنی نرخی كاركردنی پزیشكان.

٦. سەندنەوەی متمانە لە نەقیبی سەندیكا یان لە یەكێك لە ئەندامەكانی ئەنجومەنی سەندیكا.

٧. ئەو بڕیارانەی لە كۆنگرەی گشتی دەردەچێت بە زۆرینەی دەنگ (**نیوەی دەنگەكان** + ١)، دەبێت پەیڕەو بكرێت.

**ماددەی** (١٧) :-

ئەنجومەنی باڵای سەندیكا :بەڕێوەبردنی كارەكانی سەندیكا دەكات و لەم ئەندامە بەڕێزانە پێك دێت :-

١. نەقیبی سەندیكا.
٢. جێگری نەقیب.
٣. سەرۆكی لیژنەی پزیشكی.
٤. سەرۆكی لیژنەی دەرمانسازی.
٥. سەرۆكی لیژنەی ددان.
٦. ڕازگری نهێنی.
٧. لێپرسراوی ڕاگەیاندن.
٨. نوێنەری پزیشكانی پلەبەند.
٩. نوێنەرێك لە هەر لقێكی سەندیكا.

ئەم ئەنجوومەنە دوو ئەندامی یەدەكی دەبێت و ژمارەی دەنگەكانیان دوای دەنگەكانی ئەندامە سەرەكییەكانی ئەنجومەن دێت، وە ئەنجوومەنی سەندیكا هەفتانە كۆبوونەوەی خۆی لە مەڵبەندی سەندیكا ئەنجام دەدات.

**ماددەی** (١٨) :-

ئەو مەرجانەی كە دەبێت لە نەقیبیو ئەندامانی ئەنجومەنی سەندیكا هەبێت.

١. نەقیبی سەندیكا دەبێت كورد بێت و مومارەسەی لە (٢٠) **ساڵ** كەمتر نەبێت.

٢. جێگری نەقیب دەبێت دانیشتووی هەرێمی كوردستان بێت نابێت مومارەسەی خزمەتی لە (١٠) **ساڵ** كەمتر بێت.

٣. ئەندامی ئەنجوومەن دەبێت دانیشتووی هەرێمی كوردستان بێت وە خزمەتی لە (٧) **ساڵ** كەمتر نەبێت، بێجگە لە نوێنەری پزیشكانی پلەبەند.

٤. سەرۆكی لیژنە پیشەییەكان نابێت ڕاژەی لە (١٠) **ساڵ** كەمتر بێت.

**ماددەی (١٩) :-**

أ. نەقیب و ئەندامانی ئەنجوومەنی سەندیکا لەلایەن کۆنگرەی گشتییەوە هەڵدەبژێردرێن کە ئەندامەکانی لە ڕێگای هەڵبژاردنێکی دیموکراتیەوە گەیشتبنە کۆنگرە.

ب. هەریەك لە لیژنەکانی پیشەیی دەرمانو ددان لە (٥) ئەندامی سەرەکی و (٢) ئەندامی یەدەك پێك دێن. وە بۆ هەر لیژنەیەك سەرۆکێك هەڵدەبژێردرێت لە ڕێگای دەنگدانی سەرجەم ئەندامانی کۆنگرەوە.

ج. بۆ هەڵبژاردنی پزیشکان (١١) ئەندامی سەرەکی و (٢) ئەندامی یەدەك لەگەڵ نوێنەرێکی پزیشکانی پلەبەند.

بەرزترین دەنگ دەبێتە جێگری نەقیبو بەدوایدا دەبێتە سەرۆکی لیژنەی پیشەیی پزیشکی وە بە دوایاندا بەرزترین (٣) پزیشك لە دەنگدا دەبنە ئەندامی ئەنجوومەنی سەندیکا وە (٦) پزیشکە هەڵبژێردراوەکانی تر دەبنە ئەندامی لیژنەی پیشەیی پزیشکی.

د. بۆ هەڵبژاردنی پزیشکانی پلەبەند، (٣) پزیشك هەڵدەبژێردێت، خاوەنی بەرزترین دەنگ دەبێت بە ئەندامی ئەنجومەنی سەندیکا، بە دوایدا دەبێت بە ئەندامی لیژنەی پیشەیی پزیشکان، وە (سێهەم) دەنگ دەبێت بە ئەندامی یەدەك.

ه. نابێت نەقیبی سەندیکا لە پۆستەکەی بمێنێتەوە زیاتر لە دوو خولی هەڵبژاردنی لە دوای یەکدا. وە مافی هەیە خۆی بپاڵێوێت جارێکی تر بۆ پۆستی نەقیبی سەندیکا دوای تێپەر بوونی یەك خولی هەڵبژاردن.

و. ماوەی یەك خولی هەڵبژاردنی سەندیکا (٣) ساڵە.

**ماددەی (٢٠) :-**

ئەنجوومەنی سەندیکا ئەم ئەرکانە دەگرێتە ئەستۆی:-

١. دانانی نەخشەی گشتی بۆ سەندیکا.
٢. بانگێشکردنی کۆنگرەی گشتی بۆ کۆبوونەوە.
٣. چاوخشاندن بە کاروباری پیشەیی لیژنەکانی پزیشکیو ددانو دەرمان.
٤. پێشنیارکردنی چاککردنی ئەو بەدەلانە کە دەبێت بدرێت بە سەندیکا.
٥. پێشنیارکردنی بڕیار وپلانی پەیڕەوی ناوخۆ.
٦. وەرگرتنی ئەندامی نوێ.
٧. چاخشاندن بە داواکاری پێشینە (**سلفە**)بە خوێندکاری خوێندنی باڵا.
٨. چاودێری کاری لیژنەکان و لقەکانی سەندیکاو دابین کردنی ڕێکەوتن لە نێوان کارەکاندا.
٩. پێشنیارکردنی کردنەوەی لقو لیژنەی نوێ.
١٠. چاودێری لیژنەکانی شت کڕین.
١١. دانانی موازنەی ساڵانەی سەندیکا.
١٢. ڕێکخستنی پەیڕەوکردنی پیشە لە کلینكو دەرمانخانەکان.
١٣. دانانی میلاکی فەرمانبەرو کارگوزارەکانی سەندیکا.
١٤. بەڕێوەبردنی دارایی سەندیکا.
١٥. بڕیاردانی پێشینە (**سلفە**)ی زواج بۆ پزیشکان بەپێی پێشنەی تۆمارکردن، وە تەنها یەك پێشنە دەدرێت بۆ یەکێك لە ژنو مێرد، ئەگەر هەردوکیان پزیشك بوون.
١٦. بڕیاردان بە دروست کردنی لیژنەیەك بە ناوی لیژنەی زانستی کە پێك دێت لە حەوت ئەندام وە یەك ئەندامی یەدەك کە ئەنجوومەن خۆی دیاریان دەکات وە ئەم لیژنەیە ئەم ئەرکانە دەخاتە ئەستۆی :-

أ. ئەرکی سەرپەرشتی بۆ دەرکردنی گۆڤاری پزیشکی.

ب. ئەرکی ئامادەکردنو بەردەوام بوونی کۆنفراسی زانستی بە شێوەیەکی دەوری.

ج. ئامادە کردنی کۆبوونەوەی زانستی وەرزی بۆ پێشخستنی ئاستی پزیشکان لەسەر شێوازی وانەو سمینار.

د. پشتگیری مادی و مەعنەوی ئەو پزیشکانەی کە هەڵدەستن بە چالاکی زانستی پزیشکیو کار ئاسان کردن بۆیان لە ڕوی سەرچاوە و چاپو کۆمپیوتەر ..........هتد.

هـ. هەوڵدان لەگەڵ ڕێکخراوەکانی UN و NGO بۆ دابینکردنی کەرەستەی ئیشکردن بۆ توێژینەوەی زانستی.

و. دابین کردنی بودجەی تایبەت بۆ هێنانی گۆڤارە پزیشکییەکان لە دەرەوەی وولات.

ز. هەڵسەنگاندنی ئەو پزیشکانەی کە لە دەرەوەی هەرێم دێن بۆ کوردستان لەسەر داوای ئەنجومەنی ڕاژە.

**ماددەی (٢١) :-**

کارەکانی نەقیب :-

١. نوێنەرایەتی سەندیکا بەرامبەر هەموو لایەنەکان.
٢. جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی ئەنجوومەنی باڵا.
٣. بانگهێشتی کۆنگرەی گشتی بۆ کۆبوونەوە لەسەر بڕیاری ئەنجومەن.
٤. سەرۆکایەتی کۆبوونەوەی کۆنگرەی گشتی.
٥. ڕەزامەندی بوون لەسەر داواکاری خەرج کردنی پارە کە زیاتر لە (١٠٠٠) **هەزار دینار**.
٦. واژەکردنی مستەنەداتی تایبەت بە بڕوانامە و پێناس و خەلاتو تازەگەری (**ابداع**) و خەرج کردنی پارەی سەندیکا.
٧. دانانی موازەنەی ساڵانە بۆ سەندیکا و دانانی دوا ڕاپۆرتی کۆتایی ژمێریاری.
٨. نەقیبی سەندیکا بۆی هەیە هەندێک لە دەسەڵاتەکانی بسپێرێت بە یەکێک لە جێگرەکانی یان یەکێک لە ئەندامانی ئەنجوومەن یان یەکێک لە ئەندامانی ئەنجوومەنی لق.

**ماددەی (٢٢) :-**

داهاتە ئابووریەکانی سەندیکا پێک دێت لە :-

١. لە جیاتی ئەندامێتی.
٢. لە جیاتی تۆمارکردن (**تسجیل**)
٣. لە جیاتی تۆمارکردنی پسپۆری.
٤. لە جیاتیدان پیانانی ڕاپۆرتی پزیشکی.
٥. لە جیاتیدان پیانانی مامەڵەی ژنهێنان.
٦. قازانجی (**العقارات**)ی سەندیکا.
٧. قازانجی ئاهەنگەکان.
٨. قازانجی پرۆژە زانستییەکان.
٩. قازانجی چاپەمەنییەکانی سەندیکا.
١٠. ئەو سزایانەی کە دەخرێتە سەر ئەندامان لەلایەن لیژنەی ئینزیباتییەوە.
١١. داهاتی سندوقی زامنکردن کە بریتییە لە (٢٠) **بیست دینار** مانگانە لە هەرپزیشکێک.
١٢. ئەو داهاتانەی کەلە یاسای سەندیکای پزیشکانی عێراقدا هەیە.

نرخی لە جیاتی (**بدلات**) کە سەندیکا وەریان دەگرێت بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت :-

١. (١٠٠) **سەد دینار** ڕەسمی ئەندامێتی بۆ ئەندامانی دانیشتووی کوردستان وە (٨٠٠) **هەشت سەد دینار** بۆ پزیشکانی بیانی.
٢. (٥٠) **پەنجا دینار** لە جیاتی مۆڵەتی ساڵانەو نوێکردنەوە بۆ ئەندامانی دانیشتووی کوردستان وە (٥٠٠) **پێنج سەد دینار** بۆ ئەندامانی بیانیو (٢٥) **بیستو پێنج دینار** بۆ پزیشکانی پلەبەند.
٣. (٥٠٠٠) **پێنج هەزار دینار** لە جیاتی کردنەوەی نەخۆشخانەی تایبەتی، (٣٠٠٠) **سێ هەزار دینار** لە جیاتی نوێکردنەوەی ساڵانە.
٤. (٣٠٠٠) **سێ هەزار دینار** لە جیاتی کردنەوەی نەخۆشخانەی تایبەتی پزیشکی دانو (٢٥٠٠) **دوو هەزارو پێنج سەد دینار** لە جیاتی نوێکردنەوەی.
٥. (٢٠٠) **دوو سەد دینار** لە جیاتی مۆڵەتی کردنەوەی کلینکی تایبەتی پزیشکانی پسپۆر،

کلینکی پزیشکانی ددان، دەرمانخانە و (١٠٠) **سەد دینار** لە جیاتی نوێکردنەوەیان.

٦. (١٠٠) **سەد دینار** لە جیاتی مۆڵەتی کردنەوەی کلینکی تایبەتی پزیشکانی مومارس و (٥٠) **پەنجا دینار** لە جیاتی نوێکردنەوەیان.

٧. (٥٠) **پەنجا دینار** لە جیاتی ساڵانەی ئەندامان بۆ کارکردن لە کلینکە میلیەکاندا.

٨. (٢٥٠) **دوو سەدو پەنجا دینار** لە جیاتی تۆمار کردنی نازناوی پسپۆڕ (**اختصاص**).

٩. (١٠٠٠) **هەزار دینار** لە جیاتی مۆڵەتی کردنەوەی کۆگای دەرمان و (٥٠٠) **پێنج سەد دینار** لە جیاتی نوێکردنەوەی.

١٠. (٤٠٠٠) **چوار هەزار دینار** لە جیاتی کردنەوەی کارگەی دەرمان و پێداویستی پزیشکی، (٢٠٠٠) **دوو هەزار دینار** لە جیاتی نوێکردنەوەی.

١١. (١٠) **دە دینار** لە جیاتی دانپیانانی ڕاپۆرتی پزیشکی بە زمانی کوردی کە لەلایەن کلینکە تایبەتیەکانو نەخۆشخانە تایبەتیەکانو نەخۆشخانە حکومیەکانەوە دەردەچێت.

١٢. (٢٠) **بیست دینار** لە جیاتی دانپیانانی ڕاپۆرتی پزیشکی بە زمانی عەرەبیو بیانی.

١٣. (٢٠) **بیست دینار** لە جیاتی دانپیانانی ڕاپۆرتی ژن هێنان (**زواج**).

**ماددەی** (٢٣) :-

سەندیکا دەبێت تۆمارگەی (**سجلات**) پێویستی هەبێت بۆ:-

١. ژمێریاری بەدەست ژمێریارێکی شارەزاوە بێت.
٢. کۆنووسی کۆبونەوەکان.
٣. ناوی ئەندامەکان.
٤. لیژنەی زانستی.
٥. هەموو ئەو تۆمارگەیانەی تر کەلە یاسای کۆمەڵەکاندا ژمارە (١٨) بۆ ساڵی ١٩٩٣ لەگەڵ ئەو تۆمارگایانە کە لەیاسای سەندیکای پزیشکانی عێراقدا هاتووە.

هەڵبژاردن

**ماددەی** (٢٤) :-

١. ئەنجومەنی سەندیکا لەیەکەم هەفتەی کانوونی دووەمدا لە دوا ساڵی خۆی و پێش کۆتایی، بەیانێك دەردەکات کە داوا لە هەموو لقەکانو لیژنەکان دەکات هەڵبژاردنی خۆیان لە هەفتەی یەکەمی مانگی شوباتدا ئەنجام بدەن. وە ئەگەر دەنگ دان تەواو نەبوو هەڵبژاردن لە هەفتەی سێهەمی مانگی شوباتدا دەکرێت ئامادەبووان هەرچەندێك بن.

٢. بانگهێشت ئاراستەی دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەکرێت لەلایەن سەرۆکی لقەکانو لیژنەکانەوە بۆ پزیشکان کەوا دەستپێکردنی هەڵبژاردنەکانی سەندیکا دەکرێت بۆ هەموو ئەو لقو لیژنانە. بۆ ئەوەی ئەندامانی نوێ هەڵبژێرن بۆ کۆنگرە. بە مەرجێك شوێنو کاتی هەڵبژاردنەکە دیاری بکرێت وە دەبێت پێش (١٥) ڕۆژ لە هەڵبژاردنەکە بێت.

٣. ئەو پزیشکانەی کە ڕەسمەکانی سەندیکایان نەداوە، لە کاتی گەیشتنی ئەم بانگهێشتە دەتوانن هەموو ڕەسمەکان بدەن بە سەندیکا. پێش دەستپێکردنی کۆبوونەوەکان وە بە پێچەوانەوە ماڤ ئەوەیان نابێت کە بەشداری بکەن لە هەڵبژاردنەکانو خۆیان بپاڵێون یان دەنگ بدەن لەسەر بڕیارەکان.

**ماددەی** (٢٥) :-

١. تازەکردنەوەی پێناس تەنها لەو لقە یان لیژنەی سەندیکا دەبێت کە پزیشکەکە کاری تێدا دەکات بەڵام لە جیاتی کاری کلینیکی لەو پارێزگایە دەردێت کە پزیشك ئیش تێدا دەکات.

٢. هەموو ئەندامێك پێویستە ناسنامەی سەندیکا پیشان بدات پێش ئەوەی بچێتە هۆڵی دەنگدانەوە.

**ماددەی** (٢٦) :-

لیژنەیەك سەرپەرشتی هەڵبژاردن دەكات كە پێكدێت لە (٣) **سێ** ئەندام و لەلایەن ئەنجوومەنی سەندیكا، لقەكان یان لیژنەی سەندیكاوە دیاری دەكرێت بە مەرجێك هیچ كام لەو ئەندامانە پاڵێوراو نەبن بۆ هیچ پۆستێك لە پۆستەكانی لقەكان و لیژنەكانو لەلایەن ئەنجوومەنی سەندیكاوە ڕەزامەندی وەرگیرابێت و پرۆسەی هەڵبژاردن لە ژێر چاودێری ڕاستەوخۆی دادوەر دا دەبێت.

**ماددەی** (٢٧) :-

١. نەقیبی سەندیكا لەلایەن ئەندامانی كۆنگرەوە هەڵدەبژێرێت بە مەرجێك زۆرینەی دەنگ دەستەبەر بكات (**نیوەی دەنگەكان** + ١)، لەكاتی یەكسانیدا لە دەنگەكان ئەو كەسە هەڵدەبژێردێت كە زووتر لە سەندیكا تۆماركراوە ئەگەر هەر یەكسان بوون بەتەمەنترین.
دواتر ئەنجوومەنی سەندیكا هەڵدەبژێردرێت لەلایەن ئەندامانی كۆنگرەوە بەپێی ئەو خاڵانەی لەو پەیڕەوەدا هەیە وە لە دوای هەڵبژاردن نەقیب دەبێت بە سەرۆكی تازەی كۆنگرەی داهاتوو.
٢. هەڵبژاردنی پزیشكانی پسپۆڕو مومارس.
٣. هەڵبژاردنی پزیشكانی پلەبەند.
٤. ئەندامانی لیژنەی ئینزباتی لە كۆنگرەی گشتیدا هەڵدەبژێردرێت بەو مەرجەی دانیشتووی كوردستان بنو خزمەتی هیچ كامێكیان لە (١٠) **ساڵ** كەمتر نەبێت و لە (٥) **كەس** كەمتر نەبێت.

**ماددەی** (٢٨) :-

١. هەر ئەندامێك خۆی بپاڵێوێت دەبێت ڕۆژی هەڵبژاردن ئامادەبێت.
٢. ئەگەر ئەندامێكی پاڵێوراو نەیتوانی ئامادەبێت لەبەر هۆیەكی گونجاو دەبێت نووسراوێك ئاڕاستەی نەقیب یان لێپرسراوی لقەكان بكات و هۆكاری ئامادەنەبوونی بەیان بكات، ئەگەر سەرۆكی لیژنە پەسەندی كرد ئەوا ناوی لە لیستی پاڵێوراواندا دەهێڵرێتەوە وە بە پێچەوانەوە ئامادەنەبوونی مانای پاشگەزبوونەوەیە لە خۆپاڵاوتن و ناوی لادەبرێت لە لیستی پاڵێوراواندا.
٣. ناوی پاڵێوراو لە سەرەتای هەڵبژاردنەكاندا بەیان دەكرێت.
٤. هەڵبژاردن لە مەڵبەندەكان و لقەكان ئەنجام دەدرێت بەپێی ماددەی (١٥) وە بڕگەی (و).

**ماددەی** (٢٩) :-

١. لیژنەی سەرپەرشتی هەڵبژاردن كۆنووسێك دەنوسێت تیایدا كاتی دەستپێكردنی دیاری دەكات و لەلایەن سەرۆكو ئەندامانی لیژنەكەوە واژە (**ئیمزا**) دەكرێت و ئەنجامەكان دەخرێتە زەرفێكی مۆركراوەوە لە سەندیكا دەمێنێتەوە بۆ ماوەی (٣٠) **ڕۆژ** دوای هەڵبژاردنەكە.
٢. دادوەری پەیوەندیداری سەرپەرشتیار لەسەر پرۆسەی هەڵبژاردن لە هەر ڕەخنەیەك (**اعتراض**) دەكۆڵێتەوە.
٣. دوای تەواو بوونی ڕەخنە (**اعتراض**)ئەنجوومەنی سەندیكا و لقو لیژنەكان دەست دەكەن بە ئیشو كاری خۆیان.

**ماددەی** (٣٠) :-

١. خولی ئەنجوومەنو لقو لیژنەكان (٣) **ساڵە**.
٢. هەركاتێك ژمارەی ئەندامانی لقەكان لە (٨٠) **هەشتا** زیاتر بوو ئەنجومەنی لق لە هەر (٣٠) ئەندامێكی ئامادەبوو یەك (١) ئەندامی تر هەڵدەبژێرێتو ئەم ئەندامە بە ئەندامی هەمیشەیی كۆنگرەی گشتی دەناسرێت و دەچێتە كۆنگرەی گشتییەوە بەبێ ئەوەی بچێتە هەڵبژاردنەوە جارێكی تر.
٣. دەبێت ئەنجوومەنی لقەكان و لیژنەكان ئەندامێك دیاری بكەن لە پاڵێوراوان و سەرۆكی لق یان لیژنە.

**ماددەی** (٣١) :-

١. ئەگەر ئەندامێکی کۆنگرە لە یەکێك لە خولەکاندا بەبێ هۆیەکی ڕەوا ئامادە نەبوو، ئەوا لە ئەندامێتی کۆنگرە لادەبرێت و هیچ لێپرسراوێتییەکی نامێنێت.

٢. ئەنجوومەنی سەندیکا لێکۆڵینە لە هۆی ئامادەنەبوون دەکات، وە مافی پەسەندکردن یان ڕەتکردنەوەی هەیە.

٣. ئەندامی یەدەکی یەکەم جێگەی ئەندامی ئامادەنەبوو دەگرێتەوە و هەموو لێپرسراوێتییەکی وەردەگرێت.

لیژنەی ئینزیباتی

**ماددەی** (٣٢) :-

١. لیژنەی ئینزیباتی سەندیکا لە (٥) ئەندام پێك دێت وە (٢) ئەندامی یەدەك وە لە ناوخۆیاندا سەرۆکی لیژنە هەڵدەبژێرن.

٢. بەپێی پێویست، ئەم لیژنەیە کۆدەبێتەوەو لێکۆڵینەوە دەکات لەو کێشانەی دەخرێتە بەردەم ئەم لیژنەیە لەلایەن لیژنەکانی ترەوە وە هەروەها لەسکاڵای هاووڵاتیان بەرامبەر پزیشکان دەکۆڵێتەوە.

سزاو فەرمانە ئینزباتیەکان

**ماددەی** (٣٣) :-

ئەم کردارانەی خوارەوە بە سەرپێچی یاسا دادەنرێت:-

١. سەرپێچی یاسا و پەیڕەو بنەمای ڕەوشتی پیشەیی وە بە تایبەتی هاندانی نەخۆش لە ڕێی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنو پڕۆپاگەندە وە یان بەکارهێنانی شێوەی نایاسایی و ناڕەوا.

٢. خراپەکاری بەرامبەر کاری پیشەیی.

٣. بەکارهێنانی کەسانی ڕێگە پێنەدراو لە کاری پیشەییدا.

٤. لەکاتی مۆڵەتی نەخۆشیدا پزیشك بۆی نیە لە کلینکی یان دەرمانخانەی تایبەتی خۆی بکاتەوە.

٥. پزیشك بۆی نیە لە کاتی مۆڵەتی (٧٢) ڕۆژدا (**کاتی مناڵبوون**) کلینك تایبەتی خۆی بکاتەوە بەڵام لە مۆڵەتی دایکایەتی و هەروەها مۆڵەتی ئاسایی بۆی هەیە کلینیك بکاتەوە.

**ماددەی** (٣٤) :-

